دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٧٠، پێنجشەممە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی، ١٩ی مارسی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

بەناوی بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە و بەبۆنەی هاتنی نەورۆزی کوردەواری و نوێبوونەوەی ساڵەوە، گەرمترین پیرۆزبابییتان لێ دەکەین و هیواداریین کە لەگەڵ نوێبوونەوەی سروشتدا و لەگەڵ دەرکردنی چرۆی ژیان و ڕسکانەوەی هیوای ژیانی گەشتر لە سروشتی کوردستاندا، نەتەوەکەشمان دەرگای ڕزگاریی بەڕوودا بکرێتەوە .

سالی نوێ لە سەرجەم خوێنەرانی «کوردستان» پیرۆز بێت



پەیامی نەورۆزیی لێپرسراوی گشتیی حیزب ٤



کوودتای سوپای پاسداران بە ئامرازی پەتای کۆرۆنا ٦



ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ٨



لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە ١٠

پەیڤ

## مەرگەساڵ

### کەریم پەرویزی

ڕۆژانی کۆتایی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی تێپەڕین و سبەی ڕۆژی نوێ و ساڵی نوێیە و بەپێی ڕەوتی ئاسایی ژیان، خەڵك دەبێ لە ڕۆژانی کۆتایی ساڵدا دڵخۆش بن کە ساڵ تەواو دەبێ و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و ساڵی نوێ دەگرن. هەموو ساڵێك ئەم ڕۆژانی کۆتایی ساڵە، ڕۆژانی خۆئامادەکردن بۆ پێشوازیی ساڵی نوێ بووە و کۆمەڵگا و بنەماڵەکان جموجووڵێکیان تێدا بووە کە بەرەو نوێبوونەوەی ژیان و نوێبوونەوەی پێوەندییەکانیان بڕۆن.

بەڵام ساڵانێکە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆشی و شایی لە خەڵك دریخ کردووە و لێی کردوون بە ژەهری تاڵ. ساڵانێکە کە ئەم ڕێژیمە دڕندەیە، لە ترسی شایی خەڵك ڕۆژانی کۆتایی ساڵی کردووە بە ڕۆژانی مانۆڕی هێز و داپڵۆسینی خەڵك و پێشگرتن بە کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە جەماوەرییەکان، چوونکە ڕقی لە هەرجۆرە کۆبوونەوە و شاییەکە. زیاتر لەوەش بەهۆی سیاسەتە گەندەڵکاری و تاڵانکارییەکانییەوە، ساڵ لەگەڵ ساڵ ژیانی لە خەڵك قورستر کردبوو و ڕۆژانی کۆتایی ساڵ، خەڵك تەنیا دڵخۆشیی نوێبوونەوەی ساڵیان بۆ دەمایەوە، دەنا تا دەهات سفرەیان بچووکتر و گیرفانیان بەتاڵتر و حەسرەتی دابینکردنی ئاواتی منداڵەکانیان قورستر دەبوو.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش هێشتا تۆزە دڵخۆشییەکی نوێبوونەوەی ساڵ و نەورۆز لە دڵی خەڵکدا مابوو، کە ئەمساڵ ئەم ڕێژیمە دژەمرۆییە ئەوەشی لێ دزین. ئیدی نوێبوونەوەی ساڵ هیچ مانایەك نادا بۆ ئەم نەتەوانەی لە ئێراندا بوون بە بارمتە و دیلی دەستی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی. ئەمساڵ وێڕای سوپای پاسداران و هێزی داپڵۆسێنەر، وەلیی فەقیهی دیاردەیەکی دیکەشی هێنا و کرۆنای بە ئازارەکانی گەلەوە زیاد کرد. بەڵای کرۆنا کە بەدەستی ئایەتوڵاکان هێنرایە ئێران و لە هەموو وڵاتدا بڵاو کرایەوە، بڕستی ژیانی لە کۆمەڵگا بڕیوە و پێشوازیی ساڵی نوێی لە خەڵك کردووە بە شینی لەدستدان و ئازارکێشانی ئازیزان.

لەم ساڵدا، کرۆنا دوایین بەڵا بوو کە ئەم ڕێژیمە بە دیاری بۆ نەتەوەکانی ئێرانی هێنا و پێش لەوەش بە مووشەك لە فرۆکەی مەدەنیی دا و خستیە خوارەوە و گوایە قەرار بوو تۆڵەی کوژرانی قاسم سلێمانیی تیرۆریست لە ئامریکا بکاتەوە،

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ماڵەکانمان دەکەینە ئاگردانی نەورۆز




نەورۆز، هەر لە دێر زەمانەوە بۆ کورد وێڕای نوێبونەوەی سروشت دەرفەتێک بووە بۆ بەرەنگاری دەسەڵاتی ناڕەوای حاکم کە ویستوویەتی ستەمی خۆی بەردەوام بکات.

لەو ساڵانەی دواییدا جارێکی دیکە نەورۆز بووە بە هەنگاوێکی دیکە بۆ بەرەنگاری و خەبات دژی داگیرکەران. ئەو هەنگاوەش پەیامی ڕاسانەوەی شۆڕش بە دژی دیکتاتۆریەتی حاکمە کە بە ڕاسان ناوزەد کراوە.

نەورۆز و ڕاسان لە چییەتی خۆیاندا پێک دەگەن چونکە ژیانەوە و زیندووبوونەوە و هەڵدانەوە مانا دەکەن و هەر دووکیان مانا بە ژیان و واتا بە مرۆڤ دەبەخشن و لە زەمەن و مێژووشدا ئاوێتەی یەکتر بوون.

لە نەورۆزدا بوو کە پەیامی ڕاسانەوەی خەبات بە گەلی کورد درا و هاواری ئیدی بەسە «ژیانی ژێردەستەیی و ملکەچی» جارێکی دیکە بوو بە سەرەتای ڕاسانەوەی گەلێکی شایانی ئازادی و ڕزگاری.

لە نەورۆزدا بوو کە هاواری «شۆڕش ئەرکی هەمووانە» دەبێ شاخ بەهێز بێ بۆ پاڵپشتی شار، شاریش دەبێ بخرۆشێ تا دوژمن نەتوانێ زەفەر بە شاخ ببات دوژمنی هەژاند و دایکی شەهیدی وەتەنی شاد کرد؛ «لێک گرێدانی خەباتی شاخ و شار» بوو بە فورمۆلێکی پێشکەوتوو تا هیوا لە دڵی گەلدا بگەشێنێتەوە، لە نەورۆزدا بوو کە شار جامانەی شاخی لە مل کرد تا پێکەوە ببنە هەوێنی خەباتێکی پێشکەوتوو و هیوابەخش، هەر بۆیەش نەورۆز و شادییەکانی وا ئاوێتەی دۆزی ڕەوامان بوون کە هەر نەورۆزێک دەتوانێ ئێمە هەنگاوێک لە ڕۆژی سەربەستیمان نزیکتر بکاتەوە.

نەورۆزی ئەمساڵمان جیاوازترە لە ساڵانی دیکە؛ نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزی کۆبونەوەی خەڵکانێکی زۆر لە دەوری یەکتر نییە بۆ شایی گێڕان بەڵکوو نەورۆزی بە دڵ لەگەڵ ئازار و خەم و شادییەکانی یەکتر بوونە. نەورۆزی ئەمساڵ کە لە ژێر دوو سێبەری نەخوشی کرۆنا و حوکمی ناڕەوای کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگێکی دیکەی بە خۆی گرتووە پێویستی بە بەرزڕاگرتنێکی جیاواز هەیە.

بەڵام وێڕای ئەو جیاوازییە لە ماهیەتی بەرەنگاری و بەرخودانی نەورۆزدا شتێک نەگۆڕاوە،

ئەم نەورۆزە وێڕای بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی دەبێ لە گەڵ پەتای کەمکاری و دژایەتی بەئەنقەستی کۆماری ئیسلامیش ڕووبەڕوو ببینەوە.

هەر لەو نەورۆزیشدا وێڕای بەجێگەیاندنی هەموو ڕێنماییە تەندروستییە پێویستەکان بەرەنگاری ڕێژیم دەبینەوە تا نەخۆشی کرۆناش شکست بدەین و بە شکستی ئەو نەخۆشیە داگیرکەر خەمبار بکەین کە نەیتوانیوە زیانی زیاتر بە ئێمە بگەینێت و دوای کرۆناش بە سەر کۆماری ئیسلامیشدا سەر بکەوین.

لە دێرزەمانەوە هەر چەند زوڵمی زاڵم زۆرتر بووە کوردیش شێلگیرتر بووە لە سەر شکستدانی، لە کاتێکدا بەرەو نەورۆز دەڕۆین کە نەخۆشی کرۆنا بە هۆی کەمکارییە بەئەنقەستەکانی ڕێژیم لە وڵاتدا بڵاو بۆتەوە چونکە وای دەزانی کە بە کوشتنی خەڵک بۆ ماوەیەکیش بێت لە هەموو ئەو خۆپێشاندان و ناڕەزاییەتیانە دور دەکەوێتەوە؛ بەڵام نیشتمان و خەڵک و بە تایبەتی ڕۆڵە ئازاکانی لە چوارچێوەی ڕێکخراوە ناحوکمیەکان و خەڵکی خۆبەخش لە کوردستان واتە پارێزەرانی ژیان کە پێشمەرگەئاسا بە خاوەن دەرکەوتن و بە ئیمکاناتی کەم بەڵام بە ئیرادەیەکی بەهێز دژی کرۆنا وەستانەوە تا زیانەکان کەم بکەنەوە و داگیرکەریش لە کەمبوونی زیاندا ئازیەتبار بکەن.

هەستی یەکگرتوویی خەڵک وەک هەمیشە بۆتە قەڵغانی بەرەنگاری و پاراستنی شار، هەر ئەو هەستەیە کە گەشە دەکات و ئەمڕۆ کرۆنا و سبەی کۆماری ئیسلامی بە زبڵدانی مێژوو دەسپێرن.

لەم نەورۆزەدا وەک بڵێسەی ئاگر لە نەورۆزدا بە گڕ دیکتاتۆر و پیلانەکانیدا دەچین و بەرەنگاری پەتا و نەخۆشییەکان دەبینەوە. بە جەستە لێک دوور بەڵام بە دڵ لەگەڵ یەکتر بۆ یەک ئامانج تێدەکۆشین. ئێمەی کورد دانیشتووانی وڵاتی خۆر و نەوەکانی میدیاین و زۆر دیکتاتۆر و نەخۆشی و بەڵا دێن، بەڵام نامێننەوە ئەوەی دەمێنێتەوە کورد و کوردستانە کە هەمیشە لە هەر نەورۆزێکدا دەبوژێتەوە تا ڕزگاری بە دەست نەهێنێ ناوەستێتەوە؛ ئەمە ئەو کەتوارە ڕاستەقینەیە کە ئێمە دەبێ بیزانین، کەتوارێک کە پەتای کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە لێی تۆقیوە و بەردەوام هەوڵ دەدات دژی بوەستێتەوە. کەواتە پیرۆز بێ نەورۆزی پارێزەرانی ژیان.

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی «٨ی مارس»، ڕۆژی جیهانیی ژن



٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن پیرۆز بێت لە هەموو ژنانی دنیا، بەتایبەت ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

ئەگەر لە ٤١ ساڵی ڕابردوودا هەموو تاکەکانی دانیشتووی ئێران، لەژێر توندترین زەبر و زەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە هەموو ئازادی و خۆشییەکانیان بێبەش کراون، ژنانی ئەو وڵاتە بە تاوانی ژنبوونیان بێبەشترین و ژنانی کورد بە تاوانێکی گەورەتری کوردبوونیان بێبەشترینن.

لەو ڕۆژەدا ڕێز دەگرین لە خەباتی هەموو ئەو ژنە مافویستانە بۆ ڕزگاربوونیان لە چەنگی ئەم دەسەڵاتە دژی ئازادییە.

ڕزگاری لە بەردەوامیی خەباتدایە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی**

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ خەڵکی کوردستان بەنیسبەت نەخۆشیی کۆرۆنا



هاونیشتمانیانی خۆشەویست!

نیشتمانەکەمان کوردستان، بەهۆی ستەمکاری و گەندەڵکاری و نەزانپەرەستیی ڕێژیمی داگیرکەرەوە بەرەوڕووی مەترسییەکی گەورە بە ناوی نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووەتەوە. لە ئێستادا سێبەری نادیاری مەرگ لە شەقام و کۆڵانەکاندا دەگەڕێ و گیانی خەڵک و ژیانی نیشتمانمانی خستووەتە مەترسییەوە.

هەموومان دەزانین کە ئەم نەخۆشییەماڵوێرانکەرە ڕێژیم لە چینەوە هێنای و خستییە نێو کۆمەڵگە و ماوەی مانگێک شاردییەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دژی گەلییەکانی، تاکوو کارەساتەکە تەقیەوە و ڕۆژانە مەرگی ئازیزانمان و نەخۆشکەوتنی هاوڕێ و دۆست و خزمەکانمان دەبینین.

لەم دۆخە کارەساتبارەدا، ڕێژیمی ئێران گەر حکوومەتێکی خەڵکی بوایە، هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە کە ئاگاداری بوونی ئەو بەڵا مەترسیدارە بوو، خەڵکی ئاگادار دەکردەوە بۆ خۆپارێزی و هەموو ئیمکاناتیشی تەرخان دەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم نەخۆشییە و ڕێگەگرتن لە پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی؛ بەڵام نەک ئەو کارەی نەکردووە و نایکا، بەڵکوو ئەوەندە ماسک و دەستکێش و ئەلکۆڵەی کە هەیە ئەنباریان کردوون هەتاکوو بە نرخی چەند قات بە خەڵکی بفرۆشنەوە و بازرگانی بە مەرگی خەڵکەوە بکەن!

لەوەها بارودۆخێکدا بە دیار چاوەڕوانیی ئەم ڕێژیمە دڕندەیەدا دانیشتن هەتاکوو بێ و فریای ئەو خەڵکەی کەوێ چاوەڕوانییەکی بێجێیە و وەدینەهاتوویە. بۆیە پێویستە بە ڕوونی بە بێ هیچ دوودڵییەک ئەوە بڵێین کە ئەگەر کوردستان و نەتەوەی کورد فریای خۆی نەکەوێ ئەو ڕێژیمە هێچی بۆ ناکا و تەنانەت ئاخوندەکانیش کە سەرچاوەی بەڵان، لە قومەوە دەگوازێتەوە بۆ کوردستان! بۆ ئەوەی فریای خۆمان و نیشتمانەکەمان بکەوین پێویستە:

- هەموو ڕێنوێنییە پزیشکییەکان کە لە سەرچاوەی جێی باوەڕی ڕێکخراوی پزیشکیی جیهانییەوە ڕۆژانە لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێتەوە بەر نەزەرەتان، بە وردی ڕەچاو بکەین.
- لە کاتی زۆر زۆر پێویستدا نەبێ، سەردانی شوێنە گشتی و پڕ حەشیمەتەکان نەکەین.
- بە دروستکردنی تیمی بچووکی خەڵکی، شوێنەکانی ژیان و شوێنە گشتییەکانی دەورووبەری خۆتان دژەگەند لێ بدەن.
- لە چوارچێوەی تیمی مەدەنی و بچووکدا، هەوڵی یارمەتی یەکتری و بە تایبەت بنەماڵە کەمداهات و بێ‌پەنا و هەژارەکان بدەن. ڕایەڵکەی دەیان و سەدان تیمی مەدەنیی بچووک، کە هەموو کوردستان بگرێتەوە و ئەزموونەکان بە پەیام بۆ یەک بگوزانەوە، هەم کوردستان دەرباز دەکا و هەمیش کۆمەڵگە پتەو دەکات.
- ئەوانەی کە هەوڵی گەندەڵی، کەڵکی نابەجێ وەرگرتن و بازرگانی بە خوێنی خەڵکەوە دەکەن، ڕیسوا بکەن.
- دابڕانی تاکەکان لە یەک و خولقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ، هەم بە قازانجی نەخۆشییەکە و هەم بە قازانجی ڕێژیمە.

لە ئێستاد نەخۆشیی کۆرۆنا و کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو یەک بەڵان بۆ کۆمەڵگە، بۆیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمیش بووە، هاودڵی و پێکەوە هەوڵدانتان زیاتر بکەن. توونترکردنی گرێچنی پێکەوەبوون بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕێنوێنییە پزیشکییەکان لە قۆناغی دوای کۆرۆنا کورد بە سەر ڕێژیمدا زاڵ دەکات.

بە هیوای سەرکەوتن بە سەر ئەم نەخۆشییە و سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و نەخۆشییەک واتە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**

# ناوەندی هاوکاری:
# فەلسەفەی نەورۆز وەکوو هێمای ژیانەوە و ڕاپەڕین دەکەینە سەرباشقەی خەباتمان

بە بۆنەی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی کوردی

کۆمەڵانی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان

جارێکی دیکە لە کاتێکدا بەرەوپیری نەورۆز، جێژنی نەتەوەیی کورد و وەرزی ژیانەوەی سروشت دەچینەوە کە وڵاتەکەمان ئەگەرچی هێشتا لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتێکی تاوانکاری خولقێنەری کارەسات و زەبروزەنگ و دیکتاتۆریدایە، بەڵام هاوکات لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکە لە مێژووی خەبات و ڕاپەڕین و بەرەنگاریی گەلانی ستەملێکراوی ئێران و کوردستان لە بەرانبەر ئەو سیستمە ئازادیکوژەدا هەڵدرایەوە.

ساڵێک کە تێپەڕی، درێژەی چوار دەیە داپڵۆساندن و چەوساندنەوە و کەمتەرخەمی بەرانبەر بە ماف و داخوازییە مرۆییەکانی گەلانی ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بوو. لەم ساڵەدا شاهیدی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕی نێوخۆیی و دەرەکی بووین کە لە هەموویاندا جەوهەری دژەمرۆیی ئەو ڕێژیمە زیاتر لە جاران بۆ خەڵکی نێوخۆ و بیروڕای گشتیی گەلانی ناوچەکە ئاشکرا بوو.

لە ساڵی ڕابردوودا سەرکوتەکان، پێشێلکارییەکان و دڕندایەتیی هێزی سەرکوتکەر نەک هەر نەیتوانی تۆزقاڵێک لە ئیرادەی شۆڕشگێڕی و خەباتی بێوچانی کرێکارانی مافخواز و پێشەنگایەتیی ژنانی یەکسانیخوازی وڵاتەکەمان لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا کەم بکاتەوە، بەڵکوو بوێری و ئازایەتیی ئەوان و یەکڕیزیی هەموو چین و توێژە ستەملێکراوەکانی دیکەی کۆمەڵگا زیاتر لە جاران لە گۆڕەپانی کردەوەدا سەلمێنرا.

گرینگترین ڕووداوی ئەم ساڵ بەربەرەکانێی شکۆداری خەڵک و تێپەڕینیان لە هێڵە سوورەکانی کۆماری ئیسلامی بوو کە لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی خەزەڵوەر و بەفرانباردا بە شێوەیەکی تایبەتی ڕەنگی دایەوە و لەرزۆکیی کۆڵەکەکانی ڕەوایی و هێزی کۆماری ئیسلامیی زیاتر لە جاران دەرخست. نەتەوەی کورد وەک هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو خەباتە ئازادیخوازانەیەدا حەماسەیەکی مێژوویی دیکەی خولقاند و بەتایبەتی لە شارەکانی کرماشان، مەریوان، جوانڕۆ و بۆکان ڕاپەڕینی ئازایانەی خەڵک، ڕێژیمی تووشی شڵەژانێکی کەم وێنە کرد.

ئەو ڕاپەڕینە لەگەڵ سەرکوتی خوێناوی و بێبەزەییانەی ڕێژیم بەرەوڕوو بوو و هەزاران کەس لە ئازاترین ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران و گەلی کورد بە تایبەتی لەلایەن هێزە دژی گەلییەکانەوە کوژران و بریندار بوون و هەزاران کەسی دیکەش بە شێوەیەکی دڕندانە ڕفێنران و لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیمدا کەوتنە ژێر سووکایەتی و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی و گوشار و هەڕەشە بۆ سەر بنەماڵەکانیان هێشتا درێژەی هەیە.

بەڵام ڕێژیم بە پێچەوانەی ئەوەی کە بە سەرکوتی خەڵک دەیهەوێ خۆی وەکوو دەسەڵاتێکی بەهێز نیشان بدات، لە هەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا دەستەوەستانی و بێ توانایی خۆی لە چارەسەری کێشەکاندا بە تەواوی دەرخست.

لەلایەکەوە ئابووریی ئێران کە پێشتر بەهۆی دەستێوەردانی حکوومەت و دامەزراوەکانی ژێر فەرمانی ڕێبەر و گەندەڵی و تاڵانی سەرمایەکانی وڵات لەلایەن کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمەوە لە دۆخێکی شپرزەدا بوو، پاش هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ناوکی کە لێکەوتەی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی خودی ڕێژیم بوو، لەوەش زیاتر تووشی داتەپین و کورتهێنانی بوودجە بووە کە ئەوەش لە تەنیشت تێچووی سەرسووڕهێنەری ئاژاوەگێڕییە نێودەوڵەتییەکانیان، تاڵانچیەتیی بەرپرسان، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گرانی، دابەزینی نرخی تمەن، بێکاری، هەژاری و... دەسەڵاتدارانی تارانی تووشی قەیرانێکی پڕووکێنەر کردووە کە لێهاتوویی و زانستی چارەسەری ئەو قەیرانەیان نیە.

لەلایەکی دیکەوە، لە وڵاتانی ناوچەدا خەڵک زیاتر لە ڕابردوو، لە سیاسەتی داگیرکارانە و ناوەرۆکی کاولکەر و دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتوون و ئیدئۆلۆژیی ئایینیی ئەو ڕێژیمە چیدی توانای ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و فریودانی بیروڕای گشتیی گەلانی ناوچەی نەماوە، هەربۆیە لە لوبنانەوە هەتا سووریە و بەتایبەتی شەقامی شارە شیعەنشینەکانی عێراق شاهیدی دارمانی ڕەوایی ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی بووین کە پێشتر لە ژێر دەمامکی پاراستنی شوێنە پیرۆزە ئایینییەکان و شەڕی تیرۆردا پێگەیەکی لە نێو بەشێک لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو، بەڵام ئێستا لە ڕووی ئیدئۆلۆژیکەوە بە تەواوی ڕەنج بە خەسار و مایەپووچ دەرچووە.

هەر لەو پێوەندییەدا کوژرانی قاسم سلێمانی، فەرماندەی سپای تێرۆریستیی قودس و بەڕێوەبەری سەرەکیی پیلانەکانی ڕێژیم لە ناوچەکەدا لەلایەن ئەمریکاوە، بەرهەمێکی دیکەی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بوو کە لەگەڵ پێشوازیی گەلانی ئازاردیتووی ناوچەکەش بەرەوڕوو بوو.

هەر لە درێژەی ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بەو ڕووداوەدا یەکەی مووشەکیی سپای پاسداران فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئۆکراینیی کردە ئامانج کە لە ئاکامدا دەیان کەسی بێ تاوان گیانیان لەدەست دا و قەیرانێکی نێوخۆیی و گوشارێکی نێودەوڵەتیی دیکەی خستە سەر گەمارۆ و گوشارەکانی پێشوو.

لە دژکردەوە بەو ڕووداوە و چلەی گیانبەختکردوانی ڕاپەڕینی خوێناویی خەزەڵوەردا شەقام و زانکۆکانی ئێران بۆ جارێکی دیکە بوونە مەکۆی نارەزایەتی و دروشمدان دژ بە تەواوەتی پێکهاتەی ڕێژیم و لە کوورەی ڕقی جەماوەردا هێما و وێنەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم ئاگریان تێ بەردرا.

هەر لەم ساڵەدا شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ڕێژیم لەکاتێکدا بەڕێوە چوو کە بۆ یەکەمجار بایکۆتێکی بەربڵاو سەرانسەری ناوچەکانی ئێران و کوردستانی گرتەوە، بە جۆرێک کە تەنانەت لە ئامارەکانی خودی ڕێژیمیشدا نەیانتوانی نکۆڵی لە سەرکەوتنی بایکۆت و تەریککەوتوویی ڕێژیم لە نێو خەڵکدا بکەن.

لە بەهار و زستانی ئەمساڵدا بەهۆی شەپۆلی باران بارین، لافاوێکی ماڵوێرانکەر ناوچەکانی ئێران و کوردستانی گرتەوە کە بەو هۆیەوە زیانێکی گیانی و ماڵیی زۆر لە خەڵک کەوت و ژینگەی وڵات خاپوور کرا. لەو نێوانەدا بۆ جارێکی دیکەش دەستەوەستانی و بێ مودیریەتیی ڕێژیم دەرکەوت و سەلمێنرایەوە کە نە ئیرادە و نە توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو جۆرە کارەساتانەیان تێدا نییە و خەڵک لە بەرانبەر کاولکاریی ڕووداوە سروشتییەکاندا - کە بەشێک لەوانەش کاریگەریی سیاسەتی دەسەڵاتدارانیان لە سەرە- ناتوانن پشت بە یارمەتی و پشتیوانیی ڕێژیم ببەستن، ڕێژیمێک کە نە خۆی توانای پاراستنی خەڵکی تێدایە و نە لووتبەرزییەکانیان ڕێگە دەدات داوای یارمەتی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکەن.

دوایین کارەساتی ئەمساڵ کە بەهۆی گوێنەدانی ڕێژیم بە دۆخی ژیان و تەندروستیی خەڵک ڕووی دا، گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چینەوە بۆ ئێران و لە ئێرانەوە بۆ وڵاتانی دەوروبەر بوو کە بەهۆی کەمتەرخەمی و نەزانکاریی دەسەڵاتدارانی تاران ئێستا سێبەری هەڕەشە باڵی بە سەر ئێران و هەموو ناوچەکەدا کێشاوە و تا ئێستاش ڕێژیم هیچ هەنگاوێکی ئەرێنیی بۆ پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە هەڵنەگرتووە و بگرە بە بێ گوێدانە ڕێنوێنییە تەندروستییەکان، شاری قوم وەکوو ناوەندی ئەو نەخۆشییە نەک هەر قەرەنتینە نەکراوە، بەڵکوو کراوەتە ناوەندێک بۆ هەناردەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ هەموو ناوچەکانی ئێران و کوردستان. هەر ئەو سیاسەتەش بۆتە هۆی توورەیی زیاتری خەڵک لە سیاسەت و بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامی.

لە پێوەندی لەگەڵ پرسی مودیریەتی ئەو قەیرانەدا خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم لە بڕیارێکی نوێدا دەسەڵاتەکانی لە وەزارەتی تەندروستی و کابینەی ڕۆحانی وەرگرتۆتەوە و ڕادەستی سپای تیرۆریستیی پاسدارانی کردووە. ئەو ئاڵوگۆڕە لە لایەکەوە بۆ جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە سەرۆک کۆمار و حکوومەت لەو سیستمەدا خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە نین. لە لایەکی دیکەوە ئاماژەکان وا نیشان دەدەن کە ڕێژیم بە ناوی مودیریەتی قەیرانەوە خەریکی میلیتاریزەکردنی زیاتری کۆمەڵگا و خولقاندنی تاوانێکی دیکە دژ بە مرۆڤایەتییە و پێویستە ئازادیخوازان و خەڵکی وڵاتەکەمان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست ئەو سیاسەتە دژەمرۆییە لەقاو بدەن و پێش بە ڕوودانی کارەساتێکی گەورە بگرن.

هەروەها ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە پێویستی دەزانین وێڕای پێداگری لەسەر ڕاگەیەندراوی پێشووی خۆمان لەو پێوەندییەدا، جارێکی دیکە داوا لە خەڵک بکەین بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان، یارمەتیدەری هەوڵەکان بۆ سەرکەوتن بە سەر ئەو پەتایەدا بن.

هاونیشتمانیان!

کۆی ئەو ڕووداوانەی ساڵی ڕابردوو نیشان دەدەن کە ڕێژیم لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆییدا لە گێژاوی قەیران و دەستەوەستانی چەقیوە و هەرچی زیاتر پەلەقاژە دەکات زیاتر ڕۆ دەچێتە نێو ئەو گێژاوەوە. بێگومان ئەوە هێز و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی یەکگرتووی ئێوەیە کە لە ساڵی داهاتوودا دەتوانێ ڕێژیم بۆ هەمیشە لە زۆنگاوی قەیرانەکانیدا نوقم بکات و مرۆڤایەتی لەو دێوەزمە نگریسە ڕزگار بکات.

با هەموومان ئەمساڵ فەلسەفەی نەورۆز وەکوو هێمای ژیانەوە و ڕاپەڕین، بکەینە چرای ڕێگای ژیان و خەباتمان و بە تێکۆشان و گیانبازیی زیاتر، یەکڕیز و یەکگرتوو تا ڕووخاندنی ڕێژیم و بنیاتنانی داهاتوویەکی دوور لە ئازار و ستەم و چەوسانەوە بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو، لە سەنگەری خەباتدا پتەو ڕاوەستین و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی ئازادیخوازانە، یەک جار بۆ هەمیشە کۆتایی بە مۆتەکەی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ڕێژیمی ئازادیکوژ و کاولکەری کۆماری ئیسلامی بێنین.

ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا وێڕای پیرۆزبایی نەورۆز و سەری ساڵی نوێ لە گەلی کورد و سەرجەم ئازادیخوازانی گەلانی ئێران، لەگەڵ شەهیدانی ڕێگای ئازادی، یەکسانی و ڕزگاریی وڵاتەکەمان پەیمانی نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئاواتەکانیان و بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک و دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان، لە سەنگەری گیانبازی و تێکۆشاندا بەردەوام بین و وانەی نەسرەوتن تا سەرکەوتن بکەینە چرای ڕێنوێنی تێکۆشانمان.

**سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دادپەروەری**
**سڵاو لە ئیرادەی پۆڵایینی زیندانیانی سیاسی**
**سەرکەوێ خەباتی گەلانی ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی**
**سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**نەورۆزی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**٢٧٢٠ی کوردی**

Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

# نامەی سەرئاوەڵای پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر مەترسیی نەخۆشیی کۆرۆنا و دۆخی کوردستان

بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان
ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی
وەزارەتی دەرەوەی وڵاتانی یەکێتیی ئورووپا
حیزب و ڕێکخراوانی دۆست و هاوپەیمان
بەڕێزان،

سڵاوی گەرمی ئێمە قەبووڵ بفەرموون وەکوو ئاگادارن، بەداخەوە نەخۆشیی کۆرۆنا لە ئێران بڵاو بووەتەوە و هەموو جوغرافیای ئێرانی گرتووەتەوە، بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە پێکهاتەیەکی گەندەڵی هەیە و ژێرخانی لەشساغییەکەی قەیرانی زۆر گەورەی هەیە، مەترسییەکی گەورە بۆ سەر گیانی هاووڵاتییانی ئێرانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئاگاداری لە دۆخی ئێران و کوردستان کۆمیتەی قەیرانی پێک هێناوە.

کۆمیتەکەی ئێمە لەو باوەڕەدایە یەکێک لە قەیرانە گەورەکان ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئێران دەستی بە هیچ سەرچاوەیەکی زانیاریی جێگای باوەڕ ڕاناگات کە زانیاری لێ وەربگرێت، کۆمەڵگای ئێران لە ٤١ ساڵی ڕابردوودا هیچ متمانەیەکی بە دەزگای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی نەماوە و ئەوەش وای کردووە زانیاری لە شوێنی جیاواز وەرگرێت و زۆر کەسیش بۆ ئەوەی دەرمانێک بفرۆشن زۆر بە گەرمی بەناوی دژە کۆرۆنابوون بانگەشە بۆ دەرمانەکەی دەکات؛ بۆ ئەو پرسە پێویستە بە یارمەتیی ڕێکخراوەی بێهداشتی جیهانی بەشی زمانی فارسی لە ماڵپەڕی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەیەدا بکرێتەوە و زانیارییە پێویستەکان لەو ڕێگایەوە بگاتە دەستی خەڵکی ئێران.

کۆمیتەی ئێمە بەو هۆکارانەی خوارەوە پێی وایە کە خەڵکی کوردستانی ئێران کە دەکەونە چوار پارێزگا، زیاتر گیانیان لە مەترسیدایە:

یەکەم: بەپێی ئاماری فەرمیی وەزارەتی تەندروستی ڕێژەی تەخت لە کوردستان بە هەر هەزار کەس تەنیا ١.٥ تەختە و نەخۆشخانەکان ڕایانگەیاندووە کە توانایی دابینکردنی شتومەکی پێویستیان بۆ پاراستنی کارمەندەکانیشیان نییە.

دووهەم: سەرجەم بەرپرسانی نەخۆشخانەکانی کوردستان لەگەڵ خەڵکی دەوڵەمەندی کوردستان کۆبوونەوە و باسی ئەوەیان کردووە کە هیچ بودجەیەکیان نییە، بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا و پێویستە خەڵک بودجەیەک دابین بکەن و بیدەن بە نەخۆشخانەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ نەخۆشیی کۆرۆنا ڕووبەڕوو ببنەوە.

سێهەم: بە بڕیاری حکوومەت، بازاڕ، قوتابخانە و بەشێک لە ئیدارەی شارەکانی کوردستان داخراوە، بەڵام شارەکان قەرەنتینە نین و هاتوچۆی نێوان شارەکانیش بەردەوامە، بەو شێوەیە نەخۆشییەکە کۆنترۆڵ ناکرێت، ئەگەر بازاڕیش زیاتر لە مانگێک داخرێت ئەگەری هەیە قەیرانی ئابووریی گەورە ساز بێت و چون خەڵکی کوردستان زۆر هەژارن و ڕوونە توانایی ئەوەیان نییە بازاڕ بۆ ماوەی درێژ داخەن و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەخۆشییەکە بنەبڕ نەبێت.

چوارەم: لە پارێزگای ورمێ لە شاری سەردەشت، بەپێی ئامار ٨٠٠٠ کەس بریندراری چەکی کیمیایی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق هەیە، هەتا ئێستا خەڵک بە شێوەی خۆبەخش هاتوچۆیان بۆ ئەو شارە ڕاگرتووە، حکوومەت هیچ هاوکارییان ناکات.

پێنجەم: ڕێژەی هەژاری لە کوردستان زیاتر لە ٦٠ لەسەدی کۆمەڵگاکەیە، ئەگەر حکوومەت ئامادە نەبێت شتومەکی خواردنیان بۆ دابین بکات، ئەگەری زۆرە قەیرانی خۆراک لە کوردستان ساز بێت.

کۆمیتەی قەیرانی ئێمە بەوردی ئاگاداری دۆخی کوردستانە، دڵنیاتان دەکەینەوە ئەگەر پێش بەو قەیرانە نەگیرێ کە لەوێ هەیە، خەڵکێکی زۆر تێدادەچن و نەخۆشییەکەیش بنەبڕ ناکرێت. تکاتان لێدەکەین کە بە ڕێگای ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی سەردانی چوار پارێزگای ورمێ، کوردستان، کرماشان و ئیلام بکەن و خۆتان لە نزیکەوە دۆخەکە ببینن و یارمەتیی ڕاستەوخۆ بە نەخۆشخانەکانی ئەو شارانە بدەن، دڵنیاتان دەکەینەوە بەهۆی هەژاریی خەڵک و پشتگوێخستنی حکوومەت، نەخۆشیی کۆرۆنا لەو ناوچەیە قەیرانی مرۆڤیی زۆر گەورە دەنێتەوە.

هەر گەلاڵەیەکتان بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ئێران دارشت ئەوەتان لەبەرچاو بێت کە پێکهاتەی ڕێژیم زۆر زۆر گەندەڵە و هاوکات ئاگادار بن کە ڕێژیم هەموو پرسێکیش لە کوردستان بە ڕوانگەی تەناهی و مەترسیی سەر دەسەڵاتداریی خۆی سەیری دەکات.

**پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکرات کرایە ئامانجی هێرشی سایبێری ڕێژیمی ئێران

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئێران لە درێژەی هێرشە سایبێرییەکانیدا بۆ جارێکی دیکەش هێرشی کردە سەر دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کردە ئامانج. لەو هێرشەدا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سەرجەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردووەتە ئامانج.

ڕێژیمی ئێران لەو هێرشە سایبێرییەدا ئیزن بە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نادات کە پۆست و بەرنامەکانی کە لە سوشیال میدیای حیزبی دێموکراتەوە بڵاو دەکرێنەوە، ببینێت.

ئەوە یەکەم جار نییە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هێرش دەکاتە تۆڕە کۆمەڵاتییەکانی حیزبی دێموکرات. هاوکات ڕێژیمی ئێران بە دانانی پەیجی ساختە بە ناوی حیزبی دێموکرات هەوڵی سیخوڕی بە سەر خەڵکدا دەدات.

لە ماوەی ڕابردووشدا ڕێژیمی ئێران بە ناردنی پەیام بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆشداری پێدابوون کە نابێت هیچ پۆست و نووسراوەیەکی تایبەت بە حیزبی دێموکرات لایک بکەن. ڕێژیمی ئێران لە چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ترسی هەیە و بۆ ئەو مەبەستەش بە فەرمی داوای لە کۆمپانیای تێلێگرام کردبوو کە پێش بە چالاکیی گرووپە دژبەرەکان بگرێت.

# پێشمەرگەکانی شار چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد



پێشمەرگە قارەمانەکانی سنەی خوێناوی لە ناوەندی دەسەڵاتی ڕێژیم، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە. شەوی ١٧ی ڕەشەمە، لەسەر پردی «چەمران»، ڕووبەڕووی بورجی میلاد، لەلایەن ڕێبوارانی وەفادار بە ڕێبازی دێموکرات لە سەنگەری شار، چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو. پێشمەرگەکانی شار ئارمی حیزبی دێموکراتیان هەڵکرد و پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دەربڕی.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٣ی ڕەشەمە، خاکیپۆشانی دێموکرات لە «دوندی شاخی تەرەغە و حەوزەگەورەی شاری بۆکان» بە هەڵدانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و نووسینەوەی دروشم، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات و ڕاسان دەربڕی و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە. لەو چالاکییەدا دروشمگەلێک وەک: «بژی ڕاسان، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، سڵاو لە ڕاسانی شاخ و شار، شار پشتیوانی شاخە، سڵاو لە تیشک تی ڤی، سڵاو لە قازی. قاسملوو و شەرەفکەندی، سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سڵاو لە شەهیدانی ڕاسان، ڕاسان هێمایە» و دروشمی دیکە دەبینران.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی هاتنی سەر ساڵ و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد؛ لە شاری سنەی خوێناوی تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی نییەر ئارمی حیزبی دێموکراتیان لە بەرزاییەکانی کێوی نییەر هەڵکرد.

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «وزمەڵە» سەر بە سەرشیوی سەقز ئاڵای کوردستانیان لەو گوندە هەڵکرد. لەلایەکی دیکەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەفاداریی بە ڕێبازی شەهیدان سەردانی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و شەهیدان دەکەن و بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێ پیرۆزباییان لێ دەکەن. تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی بۆکان، وەک نەریتی ساڵانەیان بەپیر ساڵی نوێ و نەورۆزی کوردستانەوە، سەردانی بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسییان کردووە و جێژنانەیان پێشکەش کردوون. لەو سەردانەدا تێکۆشەرانی دێموکرات بنەماڵەی زیندانی سیاسی و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانیان دڵنیا کردووەتەوە کە خوێن و خەباتی ڕۆڵەکانیان هەردەم هەوێنی ئەمەگ و وەفا و شێلگیری لەخەبات دایە. هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات سەردانی گڵکۆی شەهیدان دەکەن و پەیمان لەگەڵ ڕێبازیان نوێ دەکەنەوە.

هەروەها ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی ڕەشەمە، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەریوان، لە بەرەبەری ساڵی نوێدا، یادی شەهیدانی حیزبی دێموکراتیان بەرز ڕاگرت و بەو شێوازە ئەمەگداریی خۆیان بە ڕێبازی نەمران ڕاگەیاند. خاکیپۆشانی شار لەو چالاکییەدا بە دانانی جامانە و وێنەی شەهیدان و هەروەها هەڵکردنی لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات دەربڕی.

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٤ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
ژنانی تێکۆشەری مەیدانی خەبات!

٧٤ ساڵ بەر لە ئێستا لە ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك یەکەمین ڕێکخراوی ژنان لە کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی مودێرن دامەزرا. دامەزرانی یەکیەتیی ژنان بوو بە دەستپێکی وەرزێکی نوێ لە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی ئێراندا کە شانازییەکەی وەك دەستکەوتێکی بەنرخ دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری کوردستان و حیزبە دامەزرێنەرەکەی، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەو هەنگاوە گرینگ و مێژووییە کە بوو بە هۆی لەدایکبوونی ڕێکخراوەکەمان، هەنگاوێکی پێشکەوتووانە و سەردەمیانە بوو کە لە هەلومەرجە هەستیارەکەی ئەو کاتەدا زۆر ئەستەم بوو، بەڵام چوونکە لە هزر و بیری تیژ و ستراتیژیی ڕێبەرانی کۆمار و بەتایبەت پێشەوا قازی محەممەد سەرچاوەی گرتبوو، هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵگیرا.

ژنانی مافخوازی کوردستان!

مێژوو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان، بوو بە دەروازەیەک کە ژنانی گەلە بەشخوراوەکەمان بۆ یەکەمجار، بە شێوەی ڕێکخراو و سیستماتیک و بە ئۆرگانیزاسیۆنێکی سەردەمیانە، تێکەڵ بە خەباتی ڕزگاریخوازی و مافخوازانەی گەلەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بن و هەر وەک بینیمان، یەکیەتیی ژنان و بەگشتی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هەوڵدان بۆ خۆڕێکخستن و هاندانی ژنان لە سەرانسەری ئێران بۆ بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، درێغییان نەکردووە.

هاونیشتیمانییانی خۆشەویست!

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا ئەو پەیامەتان پێشکەش دەکات کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی ئیزۆلە بووە و دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەتەواوی شڵەژاوە و بە بەردەوامی گوشارە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکان، ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا دێتە ئاراوە و سیاسەتە نێودەوڵەتی و میدیا جیهانییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هەموو لایەنێکی دەرەکی و نێوخۆیی ئێران، خۆیان بۆ هاتنە ئارای ئاڵوگۆڕ لە وڵاتدا ئامادە کردووە و ئامادە دەکەن. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت کە ژنانی تێکۆشەری ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، چالاکتر لە جاران لە هەموو بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵاتی و کولتوورییەکاندا ڕۆڵ بگێڕن و هاوتەریب لەگەڵ چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بۆ مسۆگەرکردنی ئازادییە نەتەوەیی و تاکەکەسییەکانی خۆیان تێبکۆشن. هەروەک کە بینیمان لە خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەر و دواتری ژنان لە ڕیزی پێشەوەی هەموو نارەزایەتییەکاندا بوون و ڕۆڵی کاریگەر و بنەڕەتییان بینیوە. هەروەها دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ هەموو جیهان ڕوونە کە خەسارەکانی ئەو ڤایرۆسە لە ئێران گەلێک زیاترە لە ناوەندی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە کە وڵاتی چینە، بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بە ڕەواڵەت گوێ پێنەدان و خەمساری تەواوییەتی ڕێژیم و لە ڕاستیدا سیاسەت و پیلانە شاراوەکانی پشتی ئەو بڵاوبوونەوەیە. دوای تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری قومەوە بۆ سەرانسەری ئێران، کوردستان و ژنی کورد جارێکی دیکە بە هەست بە بەرپرسیاری کردن بەرامبەر بە کۆمەڵگا و نەتەوەکەیان، شان بە شانی پیاوان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان خەریکی ئامادەکردنی پێداویستییەکانی تایبەت بە بەرنگاریی ئەم پەتایەن. لەو ڕاستایەدا پێویستە کە ژنانی تێکۆشەری گەلەکەمان، بە هەموو شێوەیەک ڕێنماییە جیهانی و پزیشکییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و کۆنترۆڵکردنی کۆرۆنا لە بەرچاو بگرن و هەتا بۆیان دەکرێت لە ماڵەکانیان بمێننەوە. چونکە کۆماری ئیسلامی نە توانای بەرنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنای هەیە و نە نییەتی هەنگاونان لەو ڕاستایادا. لە ڕاستیدا ڕێژیم حەز بە بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە دەکات لە هەموو شار و گوندێکی نێو جوغرافیای ئێران بە سێ هۆکار:

یەکەم: دەنگی نارازی و بەرهەڵستکاری گەلانی ئێران کە شەقامەکانی سەرانسەری ئێرانی تەنیبوو، بە ڤایرۆسی کوشندەی کۆرۆنا کپ بکرێت.

دووهەم: ڕێژیم دەستەوەستاوی و بێ توانایی خۆی وتێداچوونی ئەو هەموو خەڵکە بێتاوانە، وەک مەزڵوومنەمایی بخاتە ئەستۆی وڵاتانی جیهان و گەمارۆوە نێونەتەوەییەکان. لە حاڵێکدا گەمارۆکان خۆراک و کەرتی دەرمان و پزیشکییان لەخۆ نەگرتووە.

سێهەم: بەهۆی کۆرۆنا و ئەو کارەساتە مرۆڤییە کە پێشبینی دەکرێت بە سەدان هەزار کەس لە ئێران بکوژێت، پرسگەلێکی وەک خستنەخوارەوەی فرۆکە ئوکراینییەکە و مزاری ئەتۆمی و قەیرانی بودجە و مووچە و...هتد لە نێوخۆی ئێران و جیهان بشارێتەوە.

ژنانی مافویستی کوردستان!

جێگەی خۆیەتی کە لەو ڕۆژە پیرۆز و بە شکۆیەدا، جارێکی دیکە پیرۆزبایی ٢٤ی ڕەشەمە، ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەڵکی کوردستان بەگشتی و ژنانی خەباتکار و مافویستی گەلەکەمان بەتایبەتی بکەین.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٢٤ی مارسی ٢٠٢٠ی زایینی**

# «مریەم خانمی قازی» ماڵاوایی لە ژیان کرد

خاتوو «مریەم خانمی قازی» کچی پێشەوا قازی محەممەد بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە «عەممان» پێتەختی وڵاتی ئۆردۆن کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ هەتاوی خاتوو «مریەم خانی قازی» کچی پێشەوا قازی محەممەد بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری عەممان پێتەختی وڵاتی ئۆردۆن کۆچی دوایی کرد. مریەم خانی قازی خێزانی سەرداربەگی جاف بوو و یەکێک لە ژنە بەهەڵویستەکانی کورد و وەفادار بە ڕێبازی باوکی و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو و هەست سۆزێکی تایبەتی بۆ خەباتگێڕانی گەلی کورد بوو. مریەم خانم لە چەند ڕووداوی دڵتەزێن لەگەڵ حیزبەکەی پێشەوا هەست و سۆزی خۆی دەربڕی. کاتێک هەواڵی شەهیدبوونی ڕێبەری مەزنمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی پێ گەیشت دەستی کرد بە شین و هاوار کە باوکمیان شەهید کرد. یان لە کاتی دەرمانداوکردنی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە بەغدا لە ژێر چاوەدێریی پزیشکیدا بوون مریەم خان و بنەماڵەکەی بەردەوام یارمەتیدەریان بوون. مریەم خان لەگەڵ ئەوەیکە لە ژیانیدا هەوراز و نشێوێکی زۆری دی و زۆر جار تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بوو بەڵام قەت ئەو ناهەمواریيانە شوێنی لە سەر لە ئیرادەی نیشتمانپەروەریی دانەنا و بە هیواوە چاوی لە ژیان و خەباتی گەلەکەی دەکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی پێشەوای گەورەمان قازی محەممەد بە تایبەت کاک عەلی قازی برای مریەم خان و خوشکەکانی و کاک داود جاف کوڕی کاک سەردار جاف و مریەم خانم و خوشکەکانی دەردەبڕێ و هیوای سەبووریيان بۆ دەخوازێ و هیواخوازیشە ڕۆحی مریەم خانم بە بەهەشتی بەرین شاد بێ.

**ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٨**

## درێژەی پەیڤ

بەڵام داخی خۆی بە سەر خەڵکی ئێراندا هەڵڕشت.

پێش لەوەش لە خەزەڵوەردا بە سەدان کەسی لە سەرتاسەری ئێران کوشتار کرد و بە هەزارانی بریندار و دەیان هەزاریشی دەسبەسەر کرد.

ساڵی ١٣٩٨، بە ملهوڕی و دروشمە بێبنەماکانی وەلیی فەقیە دەستی پێکرد و هەتا دەهات لە سەرەڕۆیی ناوکییان زیاتر دەکرد و لەگەڵ بانک و سیستمە جیهانییەکان کێشەی زۆرتریان دروست کرد. لە نێو ئێرانیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکوت و کوشتاریان زیاتر کرد.

ساڵی ١٣٩٨، ساڵی پڕ لە مەرگ و نەهامەتی بۆ نەتەوەکانی ئێران بوو و لەم مەرگەساڵەدا، هەزاران بنەماڵە لە کورد و تورك و فارس و عەرەب و بەلووچ و تورکمەن داخدار بوون و بە کرۆناوە ساڵ نوێ دەکەنەوە و لووتکەی ئازارەکانی کرۆنا ماوەتەوە بۆ ساڵی داهاتوو. گەلان هیوادارن لەگەڵ لووتکەی کرۆنادا، ڕێژیمیش بەرەو لێژایی و قوڵایی دۆڵی نەمان بڕوا، چوونکە هەر ڕۆژ زیاتر مانەوەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە، مەرگێکی نوێ بە دیاری بۆ خەڵك دێنێ. بەهیوای نەمانی سەرچاوەی نەهامەتییەکان لە ساڵی ١٣٩٩دا.

# پەیامی نەورۆزیی
# بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




**هاونیشتمانیانی بەڕێز**

**خەڵکی ئازادیخواز و تێکۆشەری ڕۆژهەڵات**

لەم کات و ساتەی ئێستا کە دەڕوانینە دۆخی ئێران، ئەزموونێکی دەیان ساڵەی قەیراناوی دێتەوە بەرچاومان کە هەر لە بنەڕەتدا بە قەیران بنیات نراوە. لەم ساڵانەدا، کۆمەڵگا بە بوونی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن، پارسەنگی خۆی لە دەست داوە و ژیان گەیشتووەتە ئاستی مەرگەسات. بەهاکانی ژیان و کەرامەتی مرۆڤەکان پێشێل کراون. ئەوەی سەرکوت کراوە ویستی ئازادی و مافویستی بووە. قەیران لە دوای قەیران نە تەنیا تەنگی بە خەڵکی ناوخۆی ئێران هەڵچنیوە، بەڵکوو تەنانەت دەرەوەی سنوورەکانیشی تەنیوەتەوە.

ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوو جێی سەرنجن. ئەگەر خوێندنەوە بۆ شەپۆلی بەتەوژمی خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەر بکەین، ئەم ڕووداوە پێش هەموو شتێک ڕاستییەکی بۆ دنیای دەرەوەش نواند؛ ئەویش ئەوە بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو پێکهاتەکەیەوە لە قەیران و بنبەستدایە. دەنگی شەقام و خوێنی هەزاران قوربانی و هەزاران زیندانی و بێسەروشوێنکراوی ئەم ڕووداوانە، ئەو دیوی ئەم ڕاستییە بوو. کۆمەڵگای ئێران و بە تایبەت نەتەوەبندەستەکان کە زۆرترین قوربانی و تێچووی گیانییان داوە، بە کردەوە سەلماندوویانەوە کە ئامادەی تێپەڕین لەم ڕێژیمە و تێکڕووخاندنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتن و بیر لە قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەنەوە.

ڕووداوێکی دیکەی جێی سەرنج، شانۆی دەنگدانەکان (هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی مەجلیس) بوو. ئەمجارە نەک لە سەر شەقام، بەڵکوو لە ماڵەکانەوە و لە دەرەوەی بنکەکانی دەنگدان، دەنگی بایکۆت و شەپۆلی «نا»، جارێکی دیکە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی وەلەرزە خست و لە سەر شانۆی سیاسیی ئێران تۆمار کرا.

ئەم «نا» گەورەیە شکانێکی گەورە بوو بۆ سەرانی ڕێژیم و شەخسی «عەلی خامنەیی» کە لە خەڵک دەپاڕایەوە بە چوونیان بۆ بنکەکانی دەنگدان، شانۆی دەسەڵات برازێننەوە.

بەڵام، لەگەڵ ئەو دوو شەپۆلە لە نارەزایی و «نا»گوتنە، شاهیدی ڕووداوگەلێکی دیکە بووین کە ئەوپەڕی قەیرانی بەڕێوەبەری و بێ توانایی بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی پێوە دیار بوو. هەستانی لافاو لە زۆربەی پارێزگاکانی ئێران، ڕووداوی وەک بوومەلەرزەی کۆتوڵ و ئەم دواییانەش تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دەستەوەستانیی دامودەزگاکانی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسەکە و پێڕاگەیشتن بە قوربانیان و زیانبەرکەوتووان تەنیا چەند نموونەیەکن.

کۆی ئەم ڕووداوانە، زیاتر قووڵایی قەیرانی دەسەڵاتی کارەساتباری ڕێژیمیان خستە ڕوو.

باری ژیان و گوزەرانی ئاسایی کۆمەڵگەی ئێران بە قەیرانی هەمەلایەنەی ناوخۆیی و دەرەکی تەنراوە. بە تایبەت کەمپەینی زۆرترین گوشار لەلایەن ئەمریکاوە، کە ئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمە، تەنگی بە کۆمەڵگە و تەنانەت دەسەڵات هەڵچنیوە. سەرباری ئەمەش، تێکچڕژانی قەیرانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و ژینگەیی، بەڕێوەبەری و هتد کە دەیان و سەدان دیاردە و گرفتی دیکەی لێکەوتووەتەوە، بووەتە بەشێک لە ژیانی ئاسایی خەڵکی ئەم وڵاتە. سەرکوتی سیستماتیک، سیاسەتی فەرمی و هەمیشەیی دەسەڵاتە، بە جۆرێک کە ئاسایشی خۆی گرێداوە بە تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵگا و سەرکوتی هەر جۆرە جیاوازی و جیابیرییەک. ئەم دۆخەی لە ئێران دەبیندرێ، دەقاودەق لە دەرەوەی سنوورەکانیش ڕەنگی داوەتەوە. ئەو هەواڵبەندی و هاوپەیمانییەتانەی کە دژ بە ڕێژیم دێنە ئاراوە، ئاماژەیەکن بۆ ئەم ڕاستییە. دەنگی بەرەنگاری ونارەزایی لە شەقامەکانی عێراق ولوبنان لە دژی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتانەن.

**خۆشەویستان**

بۆ ئێمەی کورد، لەگەڵ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەش دەنوێنێ و تا دێ زیاتر لە قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکی تێوەدەگلێ،ئەزموونێکی دووروودرێژی خەبات و بەرگریمان لە بەردەم دایە. لە کۆی ئەزموونی دەیان ساڵەی خەبات و تێکۆشانمان دژ بە تاریک پەرەستی و قوربانیدانمان لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی، تا دێ هیوای هاوخەباتی و هاوچارەنووسیمان دەگەشێتەوە. لە یەک ساڵی ڕابردوودا چ وەک حیزبە کوردستانییەکان لە ناوەندی هاوکاری، چ وەک چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، بە لێکتێگەیشتن و بە هەست بە بەرپرسیاریەتیی هاوبەش، قۆناغێکی بە نرخمان لە هاودەنگی و یەکریزی ئەزموون کرد. کورد لە ڕۆژهەڵات بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بەرامبەر بەو ڕووداوە سیاسی و تەنانەت سروشتیانەی کە هاتنە ئاراوە و دوایین نموونەکانی شانۆی دەنگدان و دواتر بوومەلەرزی کۆتوڵ بوو، بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە جووڵایەوە. ئەم بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بە چارەنووسی یەکتر، خۆی لە گرێدانی خەباتی شار بە شاردا نواندەوە و ڕۆحی پێکەوە بوون و هاوچارەنووسیی لە نێوان شار و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وێنا کرد.

> **لە کۆی ئەزموونی دەیان ساڵەی خەبات و تێکۆشانمان دژ بە تاریک پەرەستی و قوربانیدانمان لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی، تا دێ هیوای هاوخەباتی و هاوچارەنووسیمان دەگەشێتەوە. لە یەک ساڵی ڕابردوودا چ وەک حیزبە کوردستانییەکان لە ناوەندی هاوکاری، چ وەک چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، بە لێکتێگەیشتن و بە هەست بە بەرپرسیاریەتیی**

> **کورد لە ڕۆژهەڵات بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بەرامبەر بەو ڕووداوە سیاسی و تەنانەت سروشتیانەی کە هاتنە ئاراوە و دوایین نموونەکانی شانۆی دەنگدان و دواتر بوومەلەرزی کۆتۆڵ بوو، بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە جووڵایەوە. ئەم بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بە چارەنووسی یەکتر، خۆی لە گرێدانی خەباتی شار بە شاردا نواندەوە و ڕۆحی پێکەوە بوون و هاوچارەنووسیی لە نێوان شار و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وێنا کرد.**

یارمەتییەکانی ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بۆ لێقەوماوانی کۆتوڵ و پێشتریش یارمەتیدان و بەهاناوەچوونی ناوچەکانی باشووری زاگرۆس کە بە هۆی لافاو و بوومەلەرزەوە زەرەر و زیانێکی زۆریان بەرکەوتبوو، وێنەیەکی جوانی لە هەستی نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستیی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات نەخشاند.

ئەم قۆناغەش بێ گومان سامانێکی سیاسی و دەسکەوتێکی گرینگ بوو بۆ نەتەوەکەمان.

بە ئەرکی سیاسی و ئەخلاقی و نەتەوەیی هەموو لایەکی دەزانین کە لە سەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بین و سەرەڕای جیاوازییەکانمان، بەرامبەر بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و دوارۆژی نەتەوەکەمان بەرپرسیار و دەروەست بین.

گومان لەوەدا نییە کە ڕێگەی سەرکەوتن لە ڕاستەڕێی یەکریزی و گوتارێکی تۆکمە و نەتەوەیی تێپەڕ دەبێ کە تیایدا هەموومان بە گوێرەی توانا و دەرفەتەکان ئەرکی خەبات وەئەستۆ بگرین.

هێز و توانا و سەرمایەی شۆڕشگێڕانەمان لێک گرێ بدەین و خۆمان بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادە بکەین. هەر چۆنیک بیت ئێران و ناوچەکە ناوەندی گۆڕانکارییە چاوەڕواننەکراوەکانە، هەر بۆیە زەرووڕەتێکی مێژووییە، لە دەلاقەی ناسنامەی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەییمانەوە، خوێندنەوە بۆ ئێستا و دوارۆژی گۆڕانکارییەکان بکەین و لە دژی دەسەڵاتی داگیرکەر بوەستینەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ساڵی ڕابردوو، بۆ دوژمنەکەمان ساڵی شکان و سەرشۆڕی و داهێزران بوو، بۆ نەتەوەکانی ئێران ساڵێکی بێ دەستکەوت نەبوو. لەم ساتەوەختانەدا کە کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵات بە نیگەرانی و کۆمەڵێک گرفت و کێشەوە بەرەو ساڵی نوێ دەچن، نەورۆز بۆ ئێمە، ساتەوەختەکانی ڕابوون و ڕاسانەوە و هێمای یەک بوونە. هەر بۆیە بە دڵێکی پڕ لە هیوا و هومێدەوە بەرەو ساڵێکی نوێ و قۆناغێکی نوێ لە خەبات هەنگاوەکانمان قایم و ڕیزەکانمان پتەوتر دەکەین.

> **لەگەڵ ئەوەی کە ساڵی ڕابردوو، بۆ دوژمنەکەمان ساڵی شکان و سەرشۆڕی و داهێزران بوو، بۆ نەتەوەکانی ئێران ساڵێکی بێ دەستکەوت نەبوو. لەم ساتەوەختانەدا کە کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵات بە نیگەرانی و کۆمەڵێک گرفت و کێشەوە بەرەو ساڵی نوێ دەچن، نەورۆز بۆ ئێمە، ساتەوەختەکانی ڕابوون و ڕاسانەوە و هێمای یەک بوونە. هەر بۆیە بە دڵێکی پڕ لە هیوا و هومێدەوە بەرەو ساڵێکی نوێ و قۆناغێکی نوێ لە خەبات هەنگاوەکانمان قایم و ڕیزەکانمان پتەوتر دەکەین.**

بە بۆنەی سەری ساڵی نوێ وە، پیرۆزبایی لە گەلی کورد لە هەموو بەشەکان، بە تایبەت خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە سەرووی هەموانەوە بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و سەرجەم ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی شار و شاخ دەکەین و سەری ڕێز و وەفاداری بۆ شەهیدەکانمان و ڕێبازی پڕ لە سەروەرییان دادەنەوێنین.

لەم بۆنە نەتەوەییەدا، پەیمان لە گەڵ یەکتر نوێ دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە دوائامانجی ئازادی و ڕزگاری، ڕۆژ و ساڵ و دەرفەتەکان بکەین بە هەوێنی هاوخەباتی و خۆڕاگری.

**نەورۆز لە هەمووتان پیرۆز بێت.**

# پیلانەکانی ڕێژیم ڤایرۆسگەلێکن مەترسیدارتر لە کۆرۆنا



جاقل

ڕۆژنامەنووسە بێ لایەن و دڵسۆزەکان ڕایانگەیاندووە کە ڤایرۆسی کرۆنا لە مانگی خەزڵوەری ڕابردووەوە لە وڵاتی چین خەڵکی نەخۆش خستووە . لوتکەی ئەو نەخۆشی و ئێپیدێمییە دواتر لە شاری «ووهان»ی وڵاتی چین دەرکەوت . وڵاتی چین ئیدی نەیدەتوانی بوونی ئەو ڤایرۆسە بشارێتەوە هەر بۆیە ناچار بەدانی کەمترین زانیارییەکان هەبوونی ڤایرۆسەکەی ئاشکرا کرد . وڵاتی چین ئەگەرچی لە باری ڕاگەیاندنی ئازادەوە وڵاتێکی کراوە نییە بەڵام لە باری تێکنۆلۆژی و ئابوورییەوە یەکێکە لە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و بە پلانێکی گونجاو توانی پێش بە پەرەگرتنی زیاتری ڤایرۆسەکە لە وڵاتەکەیدا بگرێ . جیدیەت و پەلەکردن و کاری بەردەوام ، وڵاتی چینی لە کارەساتێکی گەورەتر لەوە کە ڕوی دابوو پاراست. ئێستا بەردەوام ئاماری تووشبووان بە کویدی١٩ لەو وڵاتە دادەبەزێ و ڕێژەی مردنی خەڵکیش کەم دەبێتەوە؛ بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران بە زانینی تەواوی ئەم واقعییەتانە پێشی لە هاتوچۆی فرۆکەکانی بۆ ئەو وڵاتە نەگرت . ڕێژیم لە بەر خاتری ئەوەی بتوانێ نمایشی ٢٢ی ڕێبەندانی بەڕێوە ببات نەیهێلا خەڵکی ناوخۆ ئاگاداری بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە ببن . دواتریش بەناو هەڵبژاردنی مەجلیسی بە دەستەوە بوو بۆیە بێدەنگی لە ئاست ئەم ڤایرۆسە هەڵبژارد هەتا خەڵک بە هۆی خۆپاراستنەوە بازاڕی شانۆکانی چۆڵ نەکەن . هەرچەند بە خۆشییەوە خەڵک بە هۆی بایکۆتی هەڵبژاردنەوە تەواوی ئاواتەکانی ڕێژیمیان کردە بڵقی سەر ئاو و ڕێژیمیان لە مەیدانی مەشروعییەتدا سووک و ڕیسواتر لە هەمیشە کرد. بڵاوبوونەوەی کرۆنا لە شاری «قوم» زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ خەڵکی ئەو شارە و هەموو ئێران . سوشیالمیدیا و ڕاگەیاندنە ئازاد و سەربەخۆکان دەورێکی کاریگەریان گێڕا لەبارەی زانیاری بڵاوکردنەوە لەمبارەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی وەک جارانی پێشوو یان بێدەنگی هەڵبژارد یان ئینکاری ڕاستییەکانی کرد تەنانەت کاتێک لە ژێر گوشاری بیروڕای گشتیدا ناچار بوو هەندێ ڕاستی باس بکات ڕاستیەکانیشی چەواشە کرد و ئامارەکانی هیچکات بە دروستی بڵاو نەکردەوە .

زۆربەی پسپۆران پێیان وابوو دەبێ شاری قوم بە تەواوی بخرێتە دابڕگەوە بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەو شتەیان ڕەت کردەوە و بە هیچ شێوەیەک قبوڵیان نەکرد کاری وەها بکەن .

قوم شارێکی ئایینی حکومەتە و حاکمییەت پێی وابوو بە دابڕگەکردنی ئەو شارە بێڕێزی بە بەها و ئەرزشە دینی و حکومەتیەکانیان دەکرێ . دواتر مەلاکانی قوم وەک نوێنەری کرۆنا یان جەستەی گەورەکراوەی کرۆنا بە شارەکانی ئێراندا بڵاو بوونەوە و بەداخەوە کوردستانیش لەم کرۆنا ڕیشدار و مێزەر بەسەر و عەبا لەبەرانە بێبەش نەبوو . لە ماوەیەکی زۆر کەمدا پەتا بە ئێراندا بڵاو کرایەوە . خەڵکی هەژار و بێدەرەتانی کوردستان کە بە دەست گرفتی ماددی و بێکارییەوە گرفتار بوون ئەمجار بە دەست نەخۆشینەکەوە گیرۆدە کران کە هەتا ئەمڕۆ هیچ دەرمانێکی نییە . تەنانەت کوردستان شوێنی پشکنینی وەهای تێدا نییە کە بە زووترین کات وڵامی ئەرێنی یان نەرێنی نەخۆشینەکە بدرێتەوە بە ئەو کەسانەی کە گومانی تووشبوونیان لە سەرە . ڕێژەی فریاکەوتن و خزمەتگوزاری ناوەندە حکومەتییەکان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە . واتە لەواقیعدا ئەگەر حکومەت هەر بیشی ویستبایە بە هانای خەڵکەوە بچێ نەیدەتوانی .

چونکە لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵ دەسەڵاتی نگریسی خۆیدا نەیتوانیبوو ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکانی وڵات بباتە ئاستێکەوە کە لە ڕۆژی تەنگانەی وەک ئێستادا وڵامدەری قەیرانەکە بێت .

ڕێژەی نەخۆشخانەی شارەکان کەمن و تەنانەت ئەو ڕێژە کەمەش لە باری بیناسازییەوە کۆن و بچووکن . جگە لەوە کە لە حاڵەتی ئاساییشدا گرفتی دەرمان لە ئێراندا گرفتێکی سەرەکییە و تەنانەت کرۆنا ڤایرۆس هیچ دەرمانێکیشی نییە لە دۆخێکی وەها قەیراناویدا گرفتەکە قوڵتر بووەتەوە بە جۆرێک کە تەنانەت دوکتور و کادری دەرمانیش دەمامک و جلوبەرگی خۆپاراستنی پێویستیان نییە . بەداخەوە زۆر کەس لەم ئازیزانە لە ڕۆژانی ڕابردوودا گیانیان لە دەست داوە . زۆری و هەبوونی بەردەوامی نەخۆش و نەبوونی کادری پزیشکی بە ڕێژەی پێویست وەهای کردووە کە ئەم ئازیزانە ڕۆژانە زیاتر لە شیفتێک لە نەخۆشخانەکاندا سەرقاڵی کار و فیداکاری بن . ئەمانە و چەندین دەلیلی دیکە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆی گەندەڵی و بێ کیفایەتی و نابەرپرسایەتی کاربەدەستانی حکومەتی قەیرانەکەی ئێستا بباتە دۆخێکی مەترسیدارترەوە کە پسپۆڕانی هەموو بوارەکان زیاتر بیر لەو نەهامەتییانە بکەنەوە کە ئاخوندەکان بە سەر خەڵکی ئێران و کوردستاندا باراندوویانە .

حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕانەگەیاندنی بارودۆخی وڵات و پێشگیری نەکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە و دابڕگەنەکردنی شارەکان بە تایبەت شاری قوم جارێکی دیکە ڕووی جینایەتکارانە و بێ ئەخلاقانەی خۆی وەدەرخست . لە ماوەیەکی کەمدا زۆر وڵاتی نیزیک و دوور هەواڵیان بڵاو کردەوە کە ئەو نەخۆشینە شارۆمەندانی ئەوانیشی گرتووەتەوە. ئەوان بە ئاشکرا باسیان لەوە کرد کە نەخۆشینەکە لە ئێران هاتووەتە ناو وڵاتەکانیانەوە . تەنانەت بەحرەین بە شێوەی ئاشکرا ئێرانی تاوانبار کرد کە شەڕی بیۆلۆژیکی بە دژیان ڕێکخستووە . وڵاتە نیزیک و دوورەکان سنووری ئاسمانی و زەوینی و زەریایی خۆیان بە ڕووی ئێراندا داخست و تاکی ئێرانی زیاتر لە جاران کەوتە پەراوێزەوە . لە ناوخۆدا خەڵکی بێدەرەتان و بێهیوا لە حکومەت خۆیان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر وەخۆکەوتن و لە کەمپەینگەلی گەورە و بچووکدا دەستیان بە دژەگەندکردنی شەقام و بازاڕەکانی شار و دێهاتەکان کرد . دەمامکیان دروست کرد و بە ناو خەڵکدا بڵاویان کردەوە . بە هانای لێقەوماوان و چینی هەژار و کەمداهاتی کۆمەڵگاوە چون و ئەوەندەی توانیان یارمەتی ماددی و خاوێنکەرەوەیان پێشکەش کردن . بە ئێعترافی میدیاکانی ئازادی دەرەکی و ناوخۆ، کوردستان نمونەی جوانی کاری هەرەوەزی و مرۆڤدۆستانە لە ئێراندا بووە . خەڵکی کورد جارێکی دیکە توانیان بەڕێکخراوی بە دژی چەپەڵییەکان هەڵوێست بگرن و لە بەرانبەریدا ڕابوەستن . یەکێک لە مەبەستەکانی «ئاڵبێر کامۆ» نووسەری بەناوبانگی جیهانی لە ڕۆمانی «تاعون» دا ڕوونکردنەوەیە لە

سەر بەها و ئەرزشە ئینسانییەکان . ئەو لەو کتێبە بەناوبانگەیدا تۆقەنێ دیالۆگ لە نێوان خەڵکی شارێکی تاعون لێدراودا دەنووسێ و هەوڵ دەدات ئەوە بسەلمێنێ کە مرۆڤەکان لە هەر چین و توێژ و جلوبەرگێکدا بن لە کاتە هەستیار و قەیراناوییەکاندا دەبێ بە هانای یەکترییەوە بچن هەتا ئینسانییەت و ماناکانی ژیان نەمرێ و لە ناو نەچێت . لەم ڕۆژانەدا کوردستان خەریکە سەربەرزانە ئەو قۆناغە تێپەڕ دەکات و بۆ جارێکی دیکە تاکی کورد ئیرادەی مرۆڤدۆستانەی بە سەر پیلانە دیار ونادیارە چەپەڵەکاندا زاڵ دەکات . لەم ڕۆژانەدا دەنگۆگەلی جۆراوجۆر و جیاواز لە لایەن مۆرە و دەست و پێوەندەکانی حاکمییەتی ئەهریمەنی تارانەوە بڵاو دەبێتەوە کە دوایین نموونەی ئاشکرای لێدوانی ژنە دوکتورێکی پاسدارە کە لە ئاخاوتنێکی تەلەبزوێنی حکومەتدا دەڵێ : «گرینگ نییە چەند کەس تووشی کرۆنا دەبێ ، گرینگ ئەوەیە خەڵکی ئێران بە یەکجاری تووش نەبن چون ئیمکاناتەکانمان ئەوەندە نییە وڵامدەری گشتیان ببین» . یان دەڵێ : «ڕێژەی مردووانیش گرینگ نییە و تەنانەت ئەگەر لە چەند قۆناغدا تەواوی خەڵکی ئێران تووش ببن زۆر باشترە!!!» و هتد ...

بیرمەندان و پسپۆڕانی ناوخۆ و جیهانی لەو باوەڕدان ئەم لێدوانە دەرخستنی ئەو سیاسەتانەیە کە حاکمییەت لە دوورەوە و هەر لە سەرەتاوە پلانی بۆ داڕشتووە و ئێستا دەیهەوێت کەم کەم ئاشکرای بکات . ئەم جۆرە سیاسەتە بە نیسبەت

نەخۆشی کوشندەی کرۆناوە کە ناوبانگی بە «مصونیت گلە ای» یان «ایمنی جمعی» [پاراستنی گشتی] دەرکردووە بووەتە جێگای مشتومڕی بیرمەندان و لێکۆڵەران. حاکمییەت و مۆرە دیار و نادیارەکانیان دەڵێن : «بەگشتگیرکردنی نەخۆشی کرۆنا، نەخۆشینەکە لە فۆڕمی ئێپیدێمی دەچێتە دەرەوە و بە مودیریەتکردنی بۆ گیرۆدەکردنی هەموو خەڵکی ئێران !!! ئیدی کەسانی ناتەوان و پەککەوتوو دەمرێنن و ئەو کەسانەش کە توانای بەرگریان هەیە یان سیستمی جەستەییان بەهێزە دەتوانن لە بەرانبەر نەخۆشینەکەدا خۆڕاگرانە گیان دەربەرن و بمێننەوە !!! ئایا ئەمە هەمان ئەندێشەی ئاڵمانی نازی نییە ؟؟؟

ئێستا زیاتر بۆ هەمووان دەردەکەوێ بۆچی حکومەت لە ئاست کرۆناڤایرۆسدا کەمتەرخەم بوو . ئێستا کەم کەم خەڵکی ئاساییش باشتر تێدەگا کە حکومەت بۆ کوشتن و مەرگی تاکی ئاسایی نیشتمان چ جۆرە پلانگەلێکی چەپەڵ و قێزەون دادەڕێژێ . لەم ماوەدا ئەو خەڵکانەش کە هیچیان بەرانبەر خەڵکی دیکە لە دەست نەدەهات بە نەهاتنە دەرەوە لە ماڵەکانیان نمونەی شەرافەتمەندی و ویژدان و ئەخلاقی ئینسانیان پیشان دا. تاکی شەرافەتمەند و دەروەست زۆر لە حاکمی دیکتاتۆر و خوێنمژ بەڕێزترە. زۆر جاران ژیانێکی ئینسانی و ئاسایی لە ژیانی ئەو حاکمانەی تاران خۆشتر و بەرزتر و جێگای ڕێزترە کە بۆ مانەوەی زیاتری خۆیان بە شێوەی زبر و نەرم پلانی مەرگ و نەخۆشخستنی خەڵک دادەڕێژن . ئەو کەسانەی کە زیاتر بە هۆی نەخۆشینی کرۆناوە گیانیان لە دەست داوە، کەسانێکن کە نەخۆشینی تایبەت یان زەمینەییان هەیە و بەشگەلێکی جەستەیان پێش لەم نەخۆشینە بەتەواوی کاری نەکردووە . بەساڵاچوانی ژن و پیاو کە سیستمی بەرگری لەشیان بە ڕادەیەکی زۆر دابەزیوە . ئەو کەسانەی کە پەیوەندی جەستەییان کردووە یان شیمی دەرمانی کراون و هتد .

کۆی گشتی لێکدانەوەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە حکومەتی ئێران بە ئەنقەست ڤایرۆسەکەی بە وڵاتانی جیهان و ناوخۆدا بڵاو کردەوە . ئامانجەکانی لە بڵاوکردنەوە بۆ دەرەوەی ئێران لێرەدا جێگای باسی ئێمە نییە بەڵام لە ناوخۆدا ئەوەی هەتا ئێستا ڕوونە ئەوەیە کە حکومەت دەیهەوێ لەم ڕێگاوە بەشی هەرەزۆری ئەو خەڵکانە کە بەساڵاچوو و ناتەوانن لە ناو ببات . حکومەتی جینایەتکاری ئاخوندی چەندین ئامانجی لەم کارە هەیە کە بە کورتی ئیشارە بە چەند دانەیەکیان دەکەم : بە لەناوچونی بەساڵاچووان میراتیەکانیان بەسەر مناڵەکانیاندا دابەش دەبێ و هەر ئەمەش دەتوانێ گەشە و جموجۆڵێکی نوێی ئابووری دروست بکات . بە مردنی بەساڵاچووان سازمانی مایەپوچبووی بیمەی ئێران لەوانەیە ببووژێتەوە و بەشێکی زۆری ئەو پووڵە کە دەدرا بەو کەسانە دەگەڕێتەوە بۆ خەزانەی حکومەتی . بە گیان لە دەستدانی نەخۆشە تایبەتەکانی ناوخۆ حکومەت خۆی لە دەرمان و سوبسیدی ئەو کەسانە ڕزگار دەکات و هتد . . .

خوێنەرانی هێژا هیوادارم بەم کورتە نووسراوە باش لە زەینی حاکمانی جینایەتکار و تیرۆریستی تاران تێگەییشتبێتن و نەوتراوەکانی نووسراوەکە لە زەین و مێشکی خۆتاندا تەسەور بکەن . فێئۆدۆر داستایۆفسکی گەورەنوسەری ڕووس لە کتێبی «جینایەت و موکافات» دا باسی زەینی جینایەتکارانەی کەسێک بەناوی «ڕاسکڵنیکۆف» دەکات . ڕاسکڵنیکۆف بە شێوەی زەینی و مالیخولیایی لێکدانەوە بۆ کوشتنی پیرەژنێکی دەوڵەمەند دەکات و بە هەموو شێوەیەک پاساو بۆ جینایەتەکەی خۆی دەهێنێتەوە تاکوو دەستی بە سروەت و سامانی پیرەژنەکە ڕابگات و لە کۆتاییشدا بە تەورێک پیرەژنەکە دەکوژێ .

ئەوەی لە زەینی خامنەیی و دەست و پێوەندەکانیدا بە ناوی پاراستنی گشتی یان «مصونیت گلەای» وە دەگوزەرێ بەداخەوە هەر هەمان شتە کە ڕاسکڵنیکۆف بیری لێدەکاتەوە و بە کردەوە جێبەجێی دەکات . تێگەیشتن لە ئەندێشەی جینایەتکارانەی کاربەدەستانی ڕێژیم بەرپرسایەتی تاک بە تاکی ئێرانییەکان و کوردستانیان بۆ پاش کرۆنا و کۆتاییهاتنی قەیرانەکە سەد ئەوەندەی جاران زیاتر دەکات. لە ڕۆژانی پاش کرۆنادا کە بێگومان دێتە پێش دەبێ ڕیزەکانمان یەکگرتووانە بۆ ڕووخان و کۆتاییهێنان بە کرۆنای ئاخوندی یەک بخەین و لە هیچ هەوڵ و کۆششێکی خەباتکارانە لە چوارچێوەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا کۆتایی نەکەین .

هەرچەند پێویستە لە کۆتاییدا عەرزتان بکەم دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت و داخرانی سنوورەکانی وڵاتانی دوور و نیزیک بە ڕووی ئێراندا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پلان سیستماتیکی حکومەتی بۆ مردنی خەڵک دەسکەوتێکی ئابووری بۆ زالوەکانی تاران نابێ و لەوانەیە حاکمانی جینایەتکاری تاران تووشی هەڵەیەکی موحاسباتی دیکە بوویێتن . دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت لەوە دەچێ زەنگی مەرگی ڕێژیم بێ کە لێدەدرێ .

**دوکتور و کادری دەرمانیش دەمامک و جلوبەرگی خۆپاراستنی پێویستیان نییە . بەداخەوە زۆر کەس لەم ئازیزانە لە ڕۆژانی ڕابردوودا گیانیان لە دەست داوە . زۆری و هەبوونی بەردەوامی نەخۆش و نەبوونی کادری پزیشکی بە ڕێژەی پێویست وەهای کردووە کە ئەم ئازیزانە ڕۆژانە زیاتر لە شیفتێک لە نەخۆشخانەکاندا سەرقاڵی کار و فیداکاری بن . ئەمانە و چەندین دەلیلی دیکە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆی گەندەڵی و بێ کیفایەتی و نابەرپرسایەتی کاربەدەستانی حکومەتی قەیرانەکەی ئێستا بباتە دۆخێکی مەترسیدارترەوە کە پسپۆڕانی هەموو بوارەکان زیاتر بیر لەو نەهامەتییانە بکەنەوە کە ئاخوندەکان بە سەر خەڵکی ئێران و کوردستاندا باراندوویانە**

**لە ناوخۆدا خەڵکی بێدەرەتان و بێهیوا لە حکومەت خۆیان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر وەخۆکەوتن و لە کەمپەینگەلی گەورە و بچووکدا دەستیان بە دژەگەندکردنی شەقام و بازاڕەکانی شار و دێهاتەکان کرد . دەمامکیان دروست کرد و بە ناو خەڵکدا بڵاویان کردەوە . بە هانای لێقەوماوان و چینی هەژار و کەمداهاتی کۆمەڵگاوە چون و ئەوەندەی توانیان یارمەتی ماددی و خاوێنکەرەوەیان پێشکەش کردن . بە ئێعترافی میدیاکانی ئازادی دەرەکی و ناوخۆ، کوردستان نمونەی جوانی کاری هەرەوەزی و مرۆڤدۆستانە لە ئێراندا بوو**

# کوودتای سپای پاسداران بە ئامرازی پەتای کۆرۆنا



عەلی سۆرانی

هەندێ کەس لەسەر ئەم بڕوایەن، کە بڵاوکردنەوەی پەتای کۆڕۆنا، دەرەنجامی تۆڵەی سوپای پاسدارانە لە مەرجەعییەتی شێعە لە قوم. چونکە سوپا موجتەبا خامنەیی وەک جێگرەوەی خامنەیی ناساندووە و دایناسۆرەکانی قوم بە بیانووی ئەوەیکە، خەڵک ڕاپەڕینیان دژی نیزامی پاشایەتی کرد بۆ ئەوەی بنەماڵەسالاری بنبڕ بکرێ، لەگەڵ ئەم فەرمانەی سوپا ناتەبا بوون. ڕاستە ئەم بۆچوونە هەیە، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا بۆچوونێکی دیکە هەیە کە لەوانەیە تۆزقاڵێک ڕاستبینانەتر بێت. سوپا ویستی بۆ مەعافییەتی گومرۆکی و هاوردە، لە هەمان تاکتیکی حیزبی کۆمۆنیستی چین کەڵک وەربگرێ. شاردنەوەی قەیران تا کاتی تەقینەوەی قەیران. سەرەتا بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنایان شاردەوە تا کاتی تەقینەوەی. هەرچەند دونیا دەیزانی کە هێڵی فڕۆکەوانیی ماهان بووەتە ڕاگوێزەری فەرمی ئەم ڤایرۆسە. هێڵی ماهان ڕاستەوخۆ هی خودی سپای پاسدارانە.

چین لەم ڕێگەیەوە، واتە شاردنەوەی قەیران تا کاتی تەقینەوەی قەیران و ڕاگەیاندنی، بە چەندین میلیارد دۆلار قازانجی کردووە، ڕاستە لە یەکەم ڕوانیندا، هەناردەی چین زۆر دابەزی، بەس ئەمە دەرفەتێک بوو کە هاوردەی چین هەموو تەعرەفە گومرۆکییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوای لەسەر نەمێنێ. هەر بەم پێیە سوپای پاسداران وەک دەسەڵاتداری سەرەکی لە ماوەی چل و یەک ساڵی ڕابردوو بەسەر ئێراندا، پێی وابوو ئەگەر قەیرانێکی مرۆیی بخولقێنێ، دەتوانێ دونیا ڕازی بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و شکستهێنان بە ئەمریکا.

لەڕاستیدا کاتێ باسی سوپا دەکرێ ڕاستەوخۆ دەبێ نەخشی حەسەن ڕوحانی تێیدا زەق بکرێتەوە. چونکە تۆزێک ساویلکەبینانەیە گەر حەسەن ڕوحانی و سپا لێک جیا بکرێنەوە، بۆیە دەوڵەت سوپایە و سوپاش دەوڵەتە. بەڵام کاتێ دونیای دەرەوە بەپێی چییەتی ئەو ڕێژیمە، پیلانەکەیان خوێندەوە، هیچ وڵاتێک پشتگیری بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکانی نەکرد، تەنانەت چین و ڕووسیاش.

چونکە ئامریکا، بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە لەبەرامبەر هەرچەشنە هەوڵێکی مرۆڤدۆستانە و پزیشکیی نابێتە بەربەست و ئەمەشی سەلماندووە. هەر بۆیە کاتێک سپای پاسداران، لووتی دای لە بەرد و سەرکەوتوو نەبوو لە پیلانەکانیدا لە عێراق و لە ڕێگەی دەست و پێوەندییەکانی هێرشیان کردە سەر بنکەی تاجی لە بەغدا و هەروەک هەمووان ئەزانن ئەمریکاش لە وڵامدا، ڕاستەوخۆ دای لە هێزەکانی سپای پاسداران و ئەم تەک و پاتەکە تا ئێستاش بەردەوامە؛ بۆیە لەوانەیە دەنگۆی کوودتای سپا، کاری خودی سپا و دەوڵەت بێت.

چونکە لەڕاستیدا کاتێک سپا کودتای خۆی بە ئاشکرا پیشان دا، کە پاش بە فەرمی ناساندنی سپا وەک هێزێکی تێرۆریستی لە لایەن ئەمریکاوە، زیاتر لە نەود لەسەدی ئەندامانی مەجلیس بە جلی سەرەکییانەوە، واتە جلی سپا لە مەجلیس ئامادە بوون. وەک هەمووانیش دەزانن ئێستا و پاش بەناوهەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە زیاتر لە نەود و پێنج لەسەدی کورسییەکانی مەجلیس کەوتە دەستی سپا.

کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ناکارامەیی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانە جیهانییە لەژێر ناوی شەڕی دوولایەنی نێوخۆیی دەسەڵات بشارێتەوە و بەم شێوە بیروڕای گشتیی بەلاڕێدا ببات. ئەگینا هەمووان دەزانن، سپای پاسداران هەموو دەسەڵاتی وڵاتی لە ژێردەستدایە و بۆ دانانی جێگرەوەی خامنەییش سڵ لە کەس ناکات. تەنانەت هەموو مەراجعی تەقلیدی شێعەکانیش شڕەخۆری سپای پاسداران بۆیە ئەم دەنگۆیەی کە گوایە، قوم نارازیی بووە لە دانانی موجتەبا خامنەیی وەک جێگری خامنەیی و بۆیە کرۆنایان لەوێوە دەست پێکرد تا بەم بیانووە نەیارەکانیان بسڕنەوە، تەنیا و تەنیا گەمەیەکی تاکتیکییە و ئامانج لە درکاندنی وەها زانیارییگەلێکیش، خەڵەتاندنی بیروڕای گشتی و کایە بە عەقڵی ئۆپۆزسیۆنە. ئەگینا ئاشکرایە، بوونی بە سەدان ئاخووندی چینی لە قوم و هێنان و بردنیان لە ڕێگەی هێڵی فڕۆکەوانیی ماهانەوە هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە بوو. بابەتێک کە دەسەڵاتدارانی کۆمۆنیستی چینیشی تووشی شۆک کرد. ئەوان پاش کرۆنا زانیان کە ناڕاستەوخۆ، شێعەی ئێرانی بە نیازە سیاسەتی چینی واحید، لە نێو سنوورەکانی چیندا، لە داهاتوودا تووشی پێکۆڵی جیددی بکاتەوە و سوپا وەک سپۆنسەری ئەم بابەتە، بەنیازبوو کارتێکی گوشاری بەدەستەوە بێت کە ناوە ناوە زلهێزێکی وەک چینی پێ ئازار بدات. بێخەبەر لەوەیکە ئەوان هەرگیز ئێران و سپای پاسدارانیان وەک دۆستی ستراتێژیک سەیر نەکردووە و لە یەکەم ڕۆژەکانەوە، سپا و نیزامی شێعەی ئێران، دەوری داردەست و بووکەڵەیان بۆ چین و دەسەڵاتدارانی چین گێڕاوە.

خامنەیی دەمرێت و لە دوای ئەو تەنیا و تەنیا کوڕە هەمووکارەکەی واتە موجتەبا دەسەڵات دەگرێ بەدەستیەوە. خامنەیی، هەرگیز ئیزنی نەدا، ئەو هەڵەی خومەینی کردی، دووبارە ببێتەوە واتە ئەگەر خومەینیش یەک تۆز زیرەک بوایەت، ئەحمەدی کوڕی دەکرد بە هەمووکارە؛ هەر بۆیە خامنەیی لە یەکەم ڕۆژەکانەوە، هاوتەریب لەگەڵ خۆی لە سێبەردا، موجتەبای وەک جێگری خۆی گەورە کردووە. ئەمەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، چونکە سروەت و سامانی وڵات لە ڕاستیدا بەدەستی ئەوە و جگە لە موجتەبا خامنەیی هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێ دەوری خودی خامنەیی بۆ یەکدەست ڕاگرتنی سپای پاسداران و درێژەدانیان بە دەسەڵات بەسەر ئێراندا بگێڕێ.

# ناکارامەیی ڕێژیم لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا

سۆران شەمسی

ئەم ڕۆژانە بۆ گەلانی ئێران ڕۆژانێکی دژوار و بارودۆخێکی زۆر خراپتر لە جارانە. بە هۆی ناکارامەیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بست بە بستی ئەو وڵاتەدا خەڵک مردنی هێواش هێواشی ژیانی هاووڵاتییەکانی دەبینێ و بەداخێکی گرانەوە کەس نییە فریایان بکەوێت، لە پێشەوەی بەرگریکردن لە پەتای کۆڕۆنا، ئەوە دوکتۆرەکان و کادرە پزیشکی و دەرمانییەکانن کە بێ لەبەرچاوگرتنی گیانیان، هەوڵ بۆ چارەسەری خەڵک دەدەن.

ساڵانێکی زۆرە لەم وڵاتەدا هەر کێشەیەک و ماڵوێرانییەک بەسەر خەڵکدا بێت ئەوە دەیلکێنن بەبێ باوەڕی خەڵک و نەبوونی سەرپۆشی ژنانە، بەڵام ئەمڕۆ چی؟

ڕێژیمی ئیسلامی، بە درێژایی چل و یەک ساڵی ڕابردوو، قەیرانی گەورەتر لە پەتای کۆڕۆنای تاقی نەکردووەتەوە، تەنانەت لە کاتی شەڕی نێوان ئێران و عێراقیشدا بۆنە ئایینییەکان بۆ ماوەی کاتیش ڕانەوەستێندران و بەڕێوە بران، لە هیچ کاتێک لە مێژوودا سنوورە زەوینی و ئاسمانییەکانی هەموو دراوسێیەکانی ئێران بەسەر ئەم وڵاتەدا دانەخران.

گەلانی ئێران بە فەرمی بۆیان نییە هاتوچوو بۆ زۆربەی وڵاتان بکەن، قوتابخانە و زانکۆوەکان داخراون، هەموو دامودەزگاکانی ڕێژیم و یاریگاکان و یارییەکانی نێو یاریگاکانیش داخران، ئەوە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە پارلمانی دابخرێت، جیا لەم زەرەر و زیانە گەورە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە، ئەو قەیرانە بەربڵاوە کە دەسکەوتی ئایدۆلۆژیی ئیسلامییە، بە هۆی سیاسەتی شاردنەوە و ناکارامەیی ڕێژیم بووە و بە دڵنیاییەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر داهاتووی سیاسیی ڕێژیمیش.

ئێپیدێمییەکی وەکوو ڤایرۆسی کۆڕۆنا کاتێک دەکەوێتە نێو کۆمەڵگایەک کە ڕێژیمێکی سیاسیی خۆسەپێنی بێ ناوەڕۆکی هەیە، بە خێرایی هەموو ناکارامەیی و بێ کەڵکیی کاربەدستانی ڕێژیم و ڕێژیمەکە لە شاراوەیی دێنێتە دەر و ئاشکرای دەکات.

قەیرانی چەکی ناوکی زۆرینەی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ دەپێکێت، تاوانی کوژرانی هەزاران زیندانی لە ساڵانی □٥ هەتا □٦ی هەتاوی ئەندامانی حیزبە سیاسییەکان و بنەماڵەی زیندانییەکان و گیراوانی لەژێر کاریگەریی خۆی دادەنا، قەیرانی خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کە کۆمەڵگای لەژێر کاریگەریی خۆی دانا، بەڵام تەنینەوەی پەتای کۆڕۆنا کەس ناخاتە دەرەوەی بازنەی خۆی، هەر بەم هۆیەوە قەیرانی کۆڕۆنا لەم وڵاتەش دەبێ وەکوو شەڕێک یان قەیرانێکی ڕاستی بێتە ئەژمار و کاریگەرییەکانی ئەو هەر وەکوو دوو وێنای ئەم دواییانە تا دەیان ساڵ لە ناو باس و ویستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران هەر دەمێنێتەوە.

شێوەی هەڵسوکەوتی بەرپرسانی فەرمیی ئایینی کە پارێزەری ڕێکخراوە ئایینییەکانن، بە قەیرانی پەتایەکی تەنینەوە وەکوو کۆڕۆنا باوەڕە ئایینییەکانیان ڕاستەوخۆ لە بەرانبەر تەندروستی گشتیی خەڵک دانا.

بیر و باوەڕێک وەکوو چاکبوونەوە کە سەدان ساڵە باوەڕیان پێیەتی، ئەو مژارە کاتێک دەگاتە کۆڵەکەکانی ڕێژیم گرینگتر دەبێت بە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئایینیی ناچارە لە هەمبەر باوەڕەکانی ڕاوەستێت (هاوێرە نەکردنی قوم یان داخستنی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە) ڕێژیم کە چوار دەیە ڕەوایی سیاسیی خۆی لە ئایین وەرگرتووە لە ماوەی چەند ڕۆژدا بینی کە چۆن هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە کۆی کردبوویەوە بە خێرایی لە دەست دەدات و وەکوو بڵقی سەر ئاوی لێ دێت.

تەنینەوەی پەتای کۆڕۆنا لە پانتایی وڵاتی ئێران لە کەمبوونەوەی کەسانی لایەنگری ڕێژیم و زێدەبوونی هێزی گەلانی ڕووخێنەری ڕێژیم، زێدەبوونی کەسانی ناڕازی لە ئاستی گشتی و هێوربوونەوەی ئامرازی سەرکوت کاریگەرییەکی گرینگی دەبێت.

**تەنینەوەی پەتای کۆڕۆنا لە پانتایی وڵاتی ئێران لە کەمبوونەوەی کەسانی لایەنگری ڕێژیم و زێدەبوونی هێزی گەلانی ڕووخێنەری ڕێژیم، زێدەبوونی کەسانی ناڕازی لە ئاستی گشتی و هێوربوونەوەی ئامرازی سەرکوت کاریگەرییەکی گرینگی دەبێت.**

کۆڕۆنا و مردن بە هۆی ئەم پەتایە بە شێوەی ڕۆژانە ڕووی لە زێدەبووندایە و ترسی گەلانی ئێران لە نەخۆشی کۆڕۆنا بە شێوەی سەرسام و وا بە زوویی کە هەموو کەسێک دەیگرێت و بێ ڕێکار ماوەتەوە، گەلانی ئێرانی زۆر ترساندووە و لە درۆ نوێیەکانی ڕێژیم زۆر تووڕەن، هەر جارەی کە بەرپرسێکی ڕێژیم دێت و شتێک ڕەت یان بەدرۆ دەخاتەوە نەتەنیا لە ڕێژەی بێزاری و تووڕەیی خەڵک کەم ناکاتەوە بەڵکوو ئاستەکەیان بەرینتر و زێدەتر دەبێت، ئیتر هەموو باوەڕیان بەوە هێناوە کە ڕێژیمی ئێران کەرەستە، زانست، توانایی پێویستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لافاو، بوومەلەرزە، ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان و نەخۆشییەکانی پەتایی و تەنینەوەی نییە.

ڕێژیمی ئیسلامی، وەکوو کرداری هەمیشەیی لە هەر بارودۆخێکدا کە نەشیاوترین و هەڵەترین بڕیاری داوە، لەو کاتەدا توانای جیاکردنەوەی شەڕخوازانەی لە ناکارامەیی کارێکی زۆر ئاستەمە، کردەوەی بەرپرسانی ڕێژیم بە شێوەیەکە کە گۆیا دەخوازن ئەم پەتایە بە بەربڵاوترین شێوە لە پانتایی ئێراندا بڵاو ببێتەوە و هەموو هەوڵێکیش لەم پێناوەدا دەدەن. هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ خەڵکانی ئێران بەبیرهێنەرەوەی هەڵسوکەوتی ڕێژیمێکی داگیرکەرە کە هیچ ئیرادەیەک و دەرەوەستییەکی بۆ پاراستنی گیانی شارۆمەندانی خۆی نییە، خامنەیی لە کاتێکدا کە خۆی لە هاوێرگە ناوە، لە داخستنی وڵات دەترسێت و ڕووی کردووە بە هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و خەڵک هان دەدات بۆ نزا و پاڕانەوە.

چوار بڕگە لە کوشتنی گەلانی ئێران بەدەستی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هۆی پەتای کۆڕۆنا وێنایەکی ترە لەوەیکە ئەگەر بێت و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بمێنێتەوە وڵاتی ئێران نامێنێت.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی، وا تێدەگەن کە بە هەر شێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن ئەوە ڕێژیم دژەزەربەیە و هەموو کات دەمێنێتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ڕێژیم لە بواری ئابووری بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم و سەرکوتی دژبەرانی خۆی، بە خەڵک و پەتای کۆڕۆنا وێنایەکی ترە لەوەیکە گەر بێت و ڕێژیمی ئیسلامی بمێنێتەوە ئێران نامێنێت.

ئەگەر ڕۆژێک هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە سەرکوتی خەڵک واز بهێنن، ڕێژیم دەتوانێت هێزی سەرکوتکەری تر بهێنێتە گۆڕەپانەکە، ئەوان بیر لەم بابەتەش ناکەنەوە کە ڕۆژێک گەلانی ئێران تاک بە تاک ئامرازی سەرکوتەکانی ڕێژیم کۆکەنەوە، هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی ڕێژیم لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا تەنانەت بۆ جارێکیش ویستی گۆڕانکاریی نەبووە و نەیویستووە کە دڵنەوایی قوربانییەکانی دەستی خۆی بکات.

ئەگەر ڕێژیم بگاتە خاڵی ڕووخان ئەوە کەمینەیەک پشتگریی لێ دەکات، چونکە ئەو ڕێژیمە ئیتر هیچ شتێکی بۆ پێشکەشکردن نامێنێت یاخود وەکوو کورد دەڵێت حاشا لە گۆشتی کەروێشک و بۆن فسی تاژی.

# دووڕوویی ڕێژیم و بێڕەحمی کۆڕۆنا!!




ڕاسان موکریانی

پاش ئەوەی کۆڕۆنا دەخزێتە ئێران و ڕێژیمی ئاخوندی لەبەر بەرژەوەندی خۆی حەشاری دەدا و بۆ ماوەی چەند حەوتوویەک پووش بەسەری دەکا! لە پڕ لە قوم دەتەقێتەوە و پیرۆزییەکانی بواری پزیشکی کە دەڵێن: کە هیچ کەرەستەیەکی سەرەتایی پێشگیری و خۆپارێزی لە ئارادا نییە! باشترین ڕێکار مانەوە لە ماڵ و خۆپاراستن لە کۆڕ و کۆمەڵ و قەرەباڵغییە! ئەوە دەبێتە هۆ بۆ هاتنە مەیدانی دەسەڵات و دەستوپەیوەندییەکانی هەرچی دەمامک و ئەلکۆل و دەستەوانە و ئەوەی گیراوەیە بەڵام دەبینن ڕێژیم بانکەکان و دایرەکانی و ناوەندەکانی هەناردە و هاوردەی لە شارە سنوورییەکاندا بەبێ هیچ کەرەستەیەکی پێشگیری سەرەتایی لە گەڕیاندایە!! لەم هەلومەرجەدا ڕێژیم بۆ چەواشەکاری و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک دەست دەداتە کاری زۆر سەیر و سەمەرە! خەراجیان ( بە گوتەی خۆیان) لەسەر خەڵک کەم کردۆتەوە کە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک زۆر روو لەو بنکە و ئیدارانە بکەن! کە لانیکەم لە ڕۆژێ دا زیاتر لە هەزار کەس سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن. یان خاڵە سنوورییەکان کە ڕۆژێ بە سەدان ماشین لە زۆر شوێنی ئێرانڕا بار بۆ هەناردەکردن

**کۆڕۆنا ئێران دەتەنێتەوە و لە کوردستانیش تەشەنە دەستێنێ،**
**خەڵکی کوردستان بۆخۆی قۆڵی هیممەت هەڵدەماڵێ و دوکان و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دادەخا.**
**لەسەر راسپاردەی پسپۆڕانی بواری پزیشکی کە دەڵێن:**
**کە هیچ کەرەستەیەکی سەرەتایی پێشگیری و خۆپارێزی لە ئارادا نییە! باشترین ڕێکار مانەوە لە ماڵ و خۆپاراستن لە کۆڕ و کۆمەڵ و قەرەباڵغییە!**
**ئەوە دەبێتە هۆ بۆ هاتنە مەیدانی دەسەڵات و دەستوپەیوەندییەکانی هەرچی دەمامک و ئەلکۆل و دەستەوانە و ئەوەی گیراوەیە بۆ دژەگەن کردن لە بازار خڕ دەکرێتەوە و دەست ناکەوێ!**

ئاخوندان بە ئامانج دەگرێ! لەگەڵ ئەوەی ڕێژیم لەگەڵ حەقیقەتێک بەرەوڕوو دەبێتەوە بەڵام دیسانیش راستییەکان چەواشە دەکا.

بە قەرەنتینە نەکردنی قوم ژیانی هەزاران کەس لە خەڵکانی ئێران دەخاتە مەترسییەکەوە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوە و بەربەرەکانێیان سەبارەت بە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستی پێشگیرانە و ڕێگری کردنیان نەبووە. بۆ دژەگەن کردن لە بازار خڕ دەکرێتەوە و دەست ناکەوێ! نرخەکان چەند قات دەچنە سەر و خەڵک لە چوونە ماڵ زیاتر هیچیان لە دەست نایە! ئاو و سابوون و پاکوخاوێنی تاکەکەسی و مانەوە لە ماڵ دوایین چەکی خەڵک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پەتای مروڤکوژی کۆڕۆنایە.!

بەڵام ڕێژیم نەک پێداویستییەکانی سەرەتایی بۆ خەڵک دابین نەکردووە هیچ! پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ: « دەرزی دەچاوی خەڵکیدا دەبینێ بەڵام گاسنی دەچاوی خۆیدا نابینێ!» لە شارەکان هێندێک هەلپەرەست و بەرژەوەندیخواز بێگوێدان بە راسپاردەکانی بواری تەندروستی و بەرژەوەندی کۆمەڵگا لە کار و چالاکی ڕۆژانەی خۆیان خافڵ نابن و دەکە و دوکانەکانی خۆیان هەر دەگێڕن. ڕێژیم، یان هێندێک ئیدارە بۆ ئەوەی بڵێن ئێمەش کارێکمان کردووە هەڵدەستن بە دەگەیەننە سەر خاڵی سنوور.

ئەگەر بەڕاستی مەبەست گیانی ئینسانەکانە! چۆنە دوکانێک کە سێ، چوار نەفەر لێی دانیشتوون ترس و گومانی خۆحەشاردانی کۆڕۆنای لێدەکرێ و پلۆمپ دەکرێ! بەڵام ناوەندگەلێکی وەک شارەداری و بانکەکان و خاڵە سنوورییەکان کە ئەوا قەرەباڵغ و پڕ هاموشۆنە مەترسی زیاتری هەڵگرانی ڤایرۆسی کۆڕۆنای لێدەکرێ! نابێ قەپات بکرێن! ؟

**ڕێژیم نەک پێداویستییەکانی سەرەتایی بۆ خەڵک دابین نەکردووە هیچ!**
**لەگەڵ خەڵک هاوڕاش نییە، چوونکە ئەو بەرژەوەندییەکانی خۆی لە گیانی ئینسانەکان خۆشتر دەوێ! هەر وەک دەزانن خەڵک تەواوی شار و بازاڕی داخستووە**
**بەڵام دەبینن ڕێژیم بانکەکان و دایرەکانی و ناوەندەکانی هەناردە و هاوردەی لە شارە سنوورییەکاندا بەبێ هیچ کەرەستەیەکی پێشگیری سەرەتایی لە گەڕیاندایە!!**

کۆڕۆنا ئێران دەتەنێتەوە و لە کوردستانیش تەشەنە دەستێنێ، خەڵکی کوردستان بۆخۆی قۆڵی هیممەت هەڵدەماڵێ و دوکان و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دادەخا. لەسەر راسپاردەی پسپۆڕانی لەگەڵ خەڵک هاوڕاش نییە، چوونکە ئەو بەرژەوەندییەکانی خۆی لە گیانی ئینسانەکان خۆشتر دەوێ! هەر وەک دەزانن خەڵک تەواوی شار و بازاڕی داخستووە پلۆمپ کردنی ئەو دوکانانە کە سێ، چوار نەفەر ڕۆژێ لەوێ دادەنیشن! بەڵام ئەوەی نابینن کە بانکەکان یان خودی شارەدارییەکان کە کۆتایی ساڵە و هێندێک باج و ئەوەی راستی بێ گرینگینەدان بە گیانی خەڵک لە لایەن ڕێژیم و دوو ڕوویی ئاخوندەکان زۆر لە بێڕەحمی ڤایرۆسی کۆڕۆنا مەترسیدارترە.

وێـــستگە

## پاراستنی ژیان لە نەورۆزی ئەمساڵدا ئەرکی هەموومانە



نووسین: هێــمۆ

لەحاڵێکدا بە بەرەوپیری نەورۆزی ٢٧٢٠ی کوردییەوە دەچین کە دۆخی هەموو وڵاتانی جیهان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە زۆر ئاڵۆز و شپرزەیە.
ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی باس لە قەیرانێکی مرۆیی گەورە دەکەن کە ئەگەر پێشی پێ نەگیردرێت بەدڵنیاییەوە ڕێژەیەکی بەرچاو لە حەشیمەتی جیهان لە وڵاتە جیاوازەکاندا دەکاتە قوربانی.
ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئێران لەم نێوانەدا بە شاردنەوە و دواتریش بە خستنەڕووی ئاماری هەڵە هیچ هەوڵێکی لە پێناو کۆنترۆڵی دۆخەکە نەدا.
لە لایەکی دیکەشەوە نەمانی بڕوا بە دەنگوڕەنگی ڕێژیم لە لایەن خەڵکەوە یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکییەکان بوو بۆ ئەوەی کە خەڵک کەمتر سەرنجی ڕێنوێنییەکان و ڕێنماییەکان بۆ خۆپارێزی بدەن کە بەداخەوە بەرزبوونەوەی ڕێژەی قوربانییان لە ئێران و بەتایبەتیش لە شارەکانی کوردستان جێگای داخە.
نەورۆز بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد هەمیشە وەک هێمای ڕسکانەوە و دووبارە ژیانەوەی نەتەوەیی بووە، بۆیە هەموو ساڵێک هەوڵمان داوە کە بە بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆز و بەرزڕاگرتنی ئەم ڕۆژە، دەسپێکێکی جوان بۆ ساڵەکەمان دروست بکەین و بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز لە شار و گوندەکانی کوردستان نەهامەتی و پیسییەکان لە ژینگەی خۆمان دوور بکەینەوە.
نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزێکی زۆر جیاوازە، ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا دەبوایە بە ڕژانە سەر شەقامەکان و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی بەشکۆ یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزەمان بەرز ڕابگرتبایە و ببواین بە چقڵی چاوی دوژمنانی نەتەوەکەمان، ئەوە ئەمساڵ و بەهۆی سەرهەڵدانی پەتایەکی کوشندەوە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان قوربانییەکانیدا دانانێت، دەبێ بە پێچەوانەی حەز و خواستی دەروونیمان لە ماڵەکانماندا بمێنینەوە.
لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، گیانی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتییانی ئەستاند، ڕێژیمی ئێران وەک کاری هەمیشەیی خۆی بە نەگەیاندنی پێداویستیی تایبەت و گرینگتر لە هەمووی زانیاریی دروست سەبارەت بە چۆنیەتی تووشبوون و چۆنیەتی خۆپاراستن و تەنانەت ڕێژەی گیان لەدەستداوان و قوربانییان، زیاتر لەوەی کە هەیە دۆخەکەی ئاڵۆز کرد.
لەم نێوانەشدا کەسانێکی هەلپەرەست بۆ پڕ کردنی گیرفانی خۆیان و بێ ئاگا لەوەی کە ئایا ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرفەتی بەردەوامکردنی ژیانیان پێ دەدات یان نا دەستیان بە ڕاوڕووتی خەڵک کرد و بە گرانکردنی نرخی ماسک و دەستەوانە و زۆر شتی دیکە قەیرانەکەیان بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران قووڵتر کردەوە.
لە درێژەی ئەم نابەرپرسایەتییەی بەناو بەرپرسانی ڕێژیمدا بوو کە کەمپەینی «پارێزەرانی ژیان» بەشێوەی خۆبەخشانە و لەم دۆخە نالەبارەدا، هاوکات لەگەڵ کادری دەرمانی بە هانای خەڵکی لێقەوماوە چوو.
لەم قەیرانەشدا وەکوو قەیرانەکانی دیکە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران تەنیا بینەرێک بوون و بەس. زۆربەی ئەو کەسانەی کە کاری دروومان دەزانن لە ماڵەوە ناچار بوون دەست بە دوورینی ماسک بۆ هاووڵاتییان بکەن، لە مەریوان گیراوەیەک بۆ گەنبڕ کردنی شوێنەکان دروست کرا و بەخۆڕایی لە نێوان خەڵکدا بڵاو کرایەوە و بە دەیان چالاکیی دیکە کە خاڵێکی هیوابەخش لەم هەموو نەهامەتییەدا بوون.
ژنانی کورد هەمیشە بەشێک لە کەسانێک بوون کە لە پاراستنی کولتوور و ڕەسەنایەتیی گەلی کورددا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، ئەمساڵ بە پێچەوانەی ساڵانی رابردوو شێوازی داکۆکیکردنیان لە بایەخەکان گۆڕانی بە سەردا هات، لە ساڵانی رابردوودا و لە بەرەبەری نەورۆزدا ڕەنگە ژنان زیاتر لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا هاتوچۆی شەقام و بازاڕەکانیان دەکرد و ئامادەکارییان بۆ سەری ساڵی نوێ دەکرد، بەڵام ئەمساڵ ژنان ئەرکێکی قورستریان لە سەر شانە.
لە ڕاستیدا بە هۆی مانەوە لە ماڵەوە ژنان زیاتر ئاگاداری دۆخی ماڵەوەن و لە پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەش دەتوانن کاریگەریەکی زۆریان هەبێت.
دایکان لە نەورۆزی ئەمساڵدا هاوکات لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە دەتوانن بە ڕازاندنەوەی منداڵەکانیان لە ماڵەوە و هەروەها لەبەرچاوگرتنی ڕێنماییە تەندرووستییەکان هەنگاوی یەکەم بۆ خۆپاراستن لە ماڵەوە هەڵبگرن و بە هاندانی ئەندامانی بنەماڵە و ئاگایی بەخشین بە ئەوان ڕێژەی قوربانییان بە کەمترین ئاست بگەیێنن.
چاوخشاندنێک بە سەر دۆخی گشتیی جیهان لە ئێستادا ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە وەک هەمیشە ناکارامەیی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئێراندا، هۆکاری گەورەترین قەیرانەکان بۆ خەڵکی ئێرانە و ئەگەر بەرپرسانی ڕێژیمیش وەک وڵاتانی دیکە لە خەمی هاووڵاتییاندا ببایەن، زۆر زۆر زووتر لەمانە ئەم قەیرانە کۆنترۆڵ دەکرا.
دۆخی ئێستای ئێران زیاتر لە هەر شتێک ئاماژە بە یەک خاڵ دەکات و ئەویش ئەوەیە کە ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران کە وەکوو کۆرۆنایەکی بەهێز لە ژیانی خەڵک ئاڵاوە، تاوانباری سەرەکیی هەموو کێشەکانی خەڵکانی ئێرانە و بە دڵنیاییەوە تاکوو ئەم کۆرۆنایە بمێنێت، کۆرۆناکانی دیکەش بۆ هێرشکردنە سەر خەڵکانی ئێران دەستیان ئاوەڵاترە.
لە نەورۆزی ئەمساڵدا پێویستە کە هەموومان بە مانەوە لە ماڵەکانمان، تەندرووستیی خۆمان و ئازیزەکانمان مسۆگەر بکەین، نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزی مانەوە لە ماڵ و پاراستنی ژیانمانە.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی نۆیەم

ـ پێداچوونەوەیەکی خێرا و گشتی بەسەر بەندی یەکەمدا (بەسەر ئەو ٨ بەشەی پێشوودا)

دیل کارنێگی Dale Carnegie (١٨٨٨–١٩٥٥) نووسەر و وتاربێژی بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت: ‹‹بۆ مرۆڤێکی ژیر و تێگەیشتوو، هەموو ڕۆژێک سەرەتای ژیانێکی تازەیە، هەروەها ژیانی ئێمە زادەی دروستکراوی بیر و ئەندێشەکانی خۆمانە.››

بە کورتەئاوڕدانەوەیەک بەو ئاکامە دەگەین کە بیر و تێڕامانی ئەو فەیلەسوف و کەسایەتی شارەزا و ناودارانەو هەروەها زۆر فیلەسوفی دیکەش کە لەو زنجیرە وتارەدا ئاماژەیان پێنەکراوە لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگای پرسیار و ڕەخنەگرتنە. پرسیار و ڕەخنەگرتنیش بنچینەی پرۆسەی ڕاهێنەرییە کەواتە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی ڕاهێنەری خاوەنی بنەمایەکی فەلسەفیانەیە.

Ribe و Berg دەڵێن: ‹‹ڕاهێنەری فێرگەیەکە بۆ فێربوون›› و یەکێکی دیکە لە بنەماکانی ڕاهێنەری «ویست»ە(خوازیار) نەک «ویستراو»(خواستن).

ڕاڤەکردنی پێوەندی نێوان ویست و ویستراو دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامە کە «ویست» ڕاستەوخۆ پێوەندی بە فێرخوازەوە هەیە،

بەڵام «ویستراو» پێوەندی بە ڕاهێنەرەوە هەیە.

ئەوە فێرخوازە کە بڕیار دەدات چی دەوێت یان چ

شێوە ژیانێکی ئاواتە و ڕاهێنان دەکات بۆ گەیشتن

بەو ژیانەی کە ئاواتەخوازیەتی. (بڕوانە وێنەی ١٤)

کەواتە ئەوە ویستی ڕاهێنەر نییە کە فێرخواز چی بوێت یان بکات، ڕاهێنەر تەنیا ڕاوێژکار و یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی ئامێری گەیشتن بەو قۆناغە یان ژیانەی کە فێرخواز ئاواتەخوازیەتی.

هەر بۆیە نابێ لە میتۆدی ڕاهێنەریدا زۆر بیر لە ویستراو بکرێتەوە. کاتێک فێرخواز پڕۆژەی ویستی گەیشتن بە قۆناغێکی نوێی هەبێت هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگر بێت لە ئاست پڕۆژەکەی.

ئەو پێخۆرەی کە ڕاهێنەر و فێرخواز لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا پێیانە بریتییە لە ویست و لێهاتوویی تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئامادەکردنی ئەو سێ خاڵەی خوارەوە:

١. تاقیکردنەوەی شێواز و تکنیکی تازە بۆ گەیشتن بە ئاڵوگۆڕ.

٢. گەشبینی ئەرێنی بۆ پێکهێنانی بارودۆخی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ.

٣. هەبوونی سندووقی ئامێر بۆ زیادکردنی شانسی سەرکەوتن لە کاتی ئاڵوگۆڕدا.

هەروەها وەک کۆبەندیەک دەتوانین بڵێین ئەو سێ خاڵەی خوارەوە کورتکراوەیەکە لە بەشی یەکەم.

١. میتۆدی ڕاهێنەری بە شێوەی سیستماتیک:

لە میتۆدی سیستماتیکدا ئێمە دەتوانین وڵامی ئەو سێ پرسیارە بنەڕەتییەی میتۆدی ڕاهێنەری وەرگرینەوە. دۆخ یا ژیانی ئێمە لە قۆناغی ئێستادا چۆنە، بۆ قوناغی داهاتوو (داهاتوو) چمان دەوێت و چۆن دەتوانین بەو ئامانجانە بگەین کە بۆ داهاتوو ئاواتەخوازین.

٢. تێڕوانینێکی ئەرێنی، گەشبینانە و مرۆڤیانە:

کەسانێک هەن کە توانا و لێهاتوویی زۆریان هەیە بەڵام بە تەنیا ناتوانن گەشە بە لێهاتوویی و توانا شاردراوەکانی (پوتانسیەلی) خۆیان بدەن و دەبێ کەسێک هەبێ بۆ پشتیوانی و هاندەریان.

هەر بۆیە لە میتۆدی ڕاهێنەریدا کولتورێک گەشە دەکات کە پێی دەڵێن کولتوری بەخشین یان پێدان، کە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان بتوانن باشتر یارمەتیدەر و پشتیوانی یەکتر بن. لە نێو ئەو کولتورەدا مرۆڤەکان ڕاهێنەر و ڕاوێژکاری یەکترن.

٣. سندووقێکی پڕ لە ئامێر:

ڕاهێنەر و فێرخواز هاوکاری و پشتیوانی یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی گەشە بدەن بە بیری ئەرێنی، هەستی ئەرێنی و ڕەفتار و ڕەوشتی ئەرێنی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان.

بەندی دووهەم:

یەک میتۆد لە ڕاهێنەریدا، هەنگاو بە هەنگاو

لە ڕێگای ڕاهێنەریدا دەتوانین بە باشترین ئامانج و سیفەتی باش بگەین، بە مەرجێک فێرخوازەکە حەزی فێربوونی هەبێت و فێر بێت و ویست و حەزی ئاڵوگۆڕهێنان بەسەر خۆیدا بە مەبەستی باشتربوونی هەبێت.

ـ چۆن هەنگاوەکانمان هەڵدێنینەوە، پلەکان بۆ پلەکان

لەهەر کۆمەڵگەیەک و لە هەر سەردەمێکدا بەگوێرەی پێویستیی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئاڵوگۆڕهێنان بەسەر سیستمی پەروەردە و ڕاهێنانی تاکەکان پێداویستی و گرنگی خۆی هەیە. پرۆسەی ڕاهێنەری کاتێک باشترین کاردانەوەی دەبێت کە فێرخواز ویستی فێربوون و گۆڕانهێنانی بەسەر خۆدا هەبێت و لە پرۆسەی ژیانی خۆیدا ئەو گۆڕانکارییە بە شتێکی پێویست و زەرووری بزانێت. هەر چەند ئێمە مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕیزە ئامانجێکمان هەیە، بەڵام کاتێک فێرخوازێک دیهەوێت بەشداری پرۆسەیەکی ڕاهێنەری بکات دەبێ ئامانجەکەی دیاریکراو بێت نەک ئەوەیکە کوێرکوێرانە کۆمەڵێک ئامانج بۆ خۆی دانێت و بەبێ ئەوەی حەز و پوتانسیەلی خۆی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە لە بەرچاو گرتبێت.

فێرخواز لە کاتی دیاریکردنی ئامانجەکەی دەبێ زۆر وردبین بێت و بزانێت بۆچی و لەبەرچی لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا بەشداری دەکات. گرینگە جیاوازی ئەو قۆناغەی کە ئێستا تێیدایە لەگەڵ قۆناغی داهاتوو کە ئامانجیەتی پێی بگات، بزانێت.

ئەگەر فێرخواز پێویستیی بنەڕەتی ئامانجەکەی نەناسێ کەواتە وەدواکەوتنی بێسوودە و تەنیا کات و وزە بەفیڕۆدانە.

لە میتۆدی ڕاهێنەریدا دەتوانی دەستکەوتێکی زۆر باش وەدەست بێنی بەمەرجێک هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە وەک فێرخوازێک هۆی یا مۆتیڤی (ئەنگیزەی) باشت هەبێت بۆ ئاڵوگۆڕ و فێربوون.

هەروەها ئاڵوگۆڕهێنان بەسەر شێوازی هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانی خۆت چ وەک تاک بۆ کەسی خۆت و چ وەک ئەندامی نێو ڕێکخراوێک بە پێویست بزانی.

چوار پرسیاری بنچینەیی (بنەڕەتی) لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا بڕوانە وێنەی ٢:١

کاتێک باسی توانا شاردراوەکانی (پوتانسیەلی) مرۆڤەکان دەکرێ ناتوانین نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی جین هیوستن Jean Houston (لەدایکبووی ١٩٣٧) لەبیر بکەین کە دەڵێت: « لەڕادەبەدەر



وێنەی ١٤

لێهاتوویی، هۆ یان مۆتیڤ بۆ هەوڵ و تێکۆشان لە نێو دەروونی ئێمەدا خۆیان شاردۆتەوە بەڵام تەنیا چاوەڕوان وەجووڵەیان بخەین.» وەجووڵەخستنی ئەو هێزە شاردراوانە دەگەڕێتەوە بۆ حەزی ئێمە. هەر وەک دەروونناسانیش دەڵێن: ‹‹وەدەستهێنانی شتێک، پێوەندی بە حەزلێبوونی ئەو شتەیە.›› کەواتە دیاریکردنی ئامانجێکی کۆنکرێت و حەز و تامەزرۆی پێگەیشتنی، هۆکاری وەجووڵەخستنی وزە و لێهاتووییەکانی ئێمەیە. لە میتۆدی ڕاهێنەریدا لە زۆر شێوازی جیاواز دەتوانی کەڵک

> "من دەتوانم باش بم، خراپ بم، وەفادار بم، خائین بم، زانا بم یان نەزان. من دەتوانم تۆم خۆش بوێت یان ڕقم لێت بێتەوە، دەشتوانم بێدەنگ بم .
> یانی من مرۆڤێکم ئەو هەموو سیفەتەم تێدایە ".
> ماهاتما گاندی

وەرگری، لە هەر شێوازێکیشدا چەندین قۆناغ هەیە کە دەبێ بە سەریاندا دەرباز بی تا بە ئامانج دەگەی. بەڵام ئەوەی من لەو زنجیرەوتارەدا زیاتر کاری لە سەر دەکەم شێوازێکە کە حەوت قۆناغ لەخۆ دەگرێت. بەر لەوەی باسی ئەو قۆناغانە بکەم، گرنگە شارەزاییمان لە سەر هەشت کۆڵەکەی (بناغەی) گەشەکردنی میتۆدی ڕاهێنەری هەبێت کە لە تەوەری



وێنەی ٢:١ ڕاهێنەری و چوار پرسیاری بنەڕەتی پێشەوەچوون

یەکەمدا باسمان کردوون.

حەوت قۆناغی میتودی ڕاهێنەری

١. هەست پێکردن و تێگەیشتنی دروست لە بارودۆخەکە.

٢. پێکهێنانی پێوەندی، لەو قۆناغەدا



وێنەی ٢:٢ شێوازێک لە ڕاهێنەری کە هەڵگری حەوت قۆناغە

گرنگە هەوڵ بدەین بۆ گەشەدان بە باوەڕ بە یەکتر کردن و بەشداریکردنی گرووپی (تیمی).

٣. ئامانج، هەڵسەنگاندنی پێوەرەکانی ڕەوشت و ئاکامی کار.

٤. کەرەستەکان و جێگرەوە (ئەڵترناتیف)، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەی باشتر و کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە و پێداویستی لەبار بۆ وەدەستهێنانی شتێک یا ئەنجامدانی کارێک.

٥. هەڵبژاردن، هەڵسەنگاندن، پۆلێنبەندیکردن و ئەولەوییەتدان بە هەوڵدانەکان.

٦. کردار، خ ڕاهێنان یا مەشقکردن لەسەر ڕەوشت و ڕەوشتە نوێیەکان.

٧. شوێن کەوتن، بەدواداچوونەوە، وڵامدانەوە، هاندان و فێرکردن.

هەوڵ دەدەم لەو بەشەدا بە وردی باس لەسەر ئەو حەوت قۆناغە لە میتۆدی ڕاهێنەریدا بکەم کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە و بە هێنانەوەی نموونەیەک بزانین مەبەست لەو حەوت قۆناغە چییە. حەوت قۆناغی میتۆدی ڕاهێنەری بە شێوەی وێنە، بڕوانە وێنەی خوارەوە . (٢:٢) حەوت قۆناغەکانی ڕاهێنەری کە دەتوانین هەر یەک لەوانە وەک سەرچاوەیەک بەکار بەرین. ئەوەش فێرخواز بۆخۆی دیاری دەکات کە لە کام قۆناغ کەڵک وەرگرێت.

قۆناغی یەکەم – هەست پێکردن و تێگەیشتن لە بارودۆخکە

تێگەیشتنی دروست لە بارودۆخەکە یەکێک لە بنچینە بنەڕەتییەکانە لەو قۆناغەدا. بنەمای ڕاهێنەری لەسەر بناخەی لێکۆڵینەوەیەکی، وردبینانە



وێنەی ١٥ ڕاهێنەری و کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای ڕاهێنەری بۆ گەیشتن بە ئامانج

لەسەر کەسەکان، وتووێژ و کۆکردنەوەی زانیارییە. فێرخواز لە هەوڵی ئەوەدایە بە وەرگرتنی یارمەتی لە ڕاهێنەرێک باشتر لە بارودۆخی خۆی تێبگات. تێگەیشتن لە هەست و بارودۆخی کەسایەتی فێرخواز کاتێک باشتر و ئاسانتر دەبێت کە ڕاهێنەر و فێرخواز پێکەوە دیالۆگ یان وتووێژیان هەبێت. لەوانەیە ڕووبەڕووی دۆخێک ببنەوە

کە ئەو قۆناغەی ئێستا تێیدانە لە بیر بکەن، لەوانەشە باسکردن لەسەر قۆناغی ئێستا یارمەتیدەر بێت بۆ ڕاهێنەر بۆ ئەوەی بتوانێت بەرنامەیەکی گونجاو و کۆنکرێتی کارکردن بۆ قۆناغێکی باشتر پێشنیار بکات. فێرخواز دەبێ زۆر

بەوردی هەڵسەنگاندن لەسەر ئەوە بکات کە ئایا ڕاهێنەری میتۆدێکی باشە بۆ دەربازبوون لەو قۆناغەی ئێستا تێیدایە یان نا، هەر بۆیە وڵامدانەوە بەو سێ

پرسیارەی خوارەوە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە قۆناغی ئێستادا:

١. لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا دەبێ لەسەر چ شتێک چڕ ببینەوە (تمرکز)؟

٢. چ شێوە زانیارییەکمان پێویستە و دەبێ کۆی بکەینەوە؟

٣. چ کەسێک بەویستی خۆی ئەو زانیارییانەمان دەداتێ؟

لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا دەبێ لەسەر چ شتێک چڕ ببینەوە (تمرکز)؟

زۆربەی کاتەکان یەکەمین پرسیار لە لایەن ڕاهێنەرەوە دەکرێ وەک: من چ یارمەتییەک دەتوانم بە تۆ بکەم؟ چاوەڕوانی و خەونەکانت چین؟ ئێستا لە چ قۆناغێکدای و لە داهاتوودا دەتهەوێت چۆن بی؟

بۆ زۆربەی وڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، سێ شێواز لە میتۆدی ڕاهێنەری گونجاوە.

١. ڕاهێنەری هەڵسوکەوت (ڕەوشت یا ڕەفتار): لەوانەیە فێرخواز حەز بکات شێوازی هەڵسوکەوتی خۆی باشتر بکات یان بگۆڕێت، تا بتوانێت وەک کۆڕگێڕ بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکان بێ، بەرپرسایەتی کۆبوونەوەکان بکات، ئەرکی بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرێت، بتوانێت وڵام بداتەوە، چ بە قسە (تئوری) و چ بەکردەوە، بتوانێت ڕێگاچارە بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە و چارەسەریان بکات، شێوازی بەرپرسایەتییەکەی بگۆڕێت، باشتر و چالاکانەتر کار بکات و کەمتر دڵەتەپە یان گوشاری ڕەوانی (ستریس) هەبێت و ...... هتد.

لەو کاتەدا پێویستی بە فێربوون و ڕاهێنانێکی تەردەست و پسپۆڕانە هەیە.

٢. ڕاهێنەری لەسەر ئامانجێکی دیاریکراو: فێرخواز پێویستی بەوە هەیە کە چڕبوونەوەی (تمرکز) سەرەکی لەسەر وەدەستهێنانی ئامانج و ئاکامی باشتر بێ، بەتایبەت لە هێندێک شوێندا کە ئامانجی کۆنکرێت و دیاریکراوی هەیە. بۆ نموونە خاوەن (ساحب) کارێک بەشداری پرۆسەی ڕاهێنەری دەکات:

ـ بۆ زیادکردنی هۆی (ئەنگیزە) کارکردنی کرێکارەکانی.

ـ کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو کرێکارانەی کە بە هەر هۆیەک بێت کەمتر دەچنە سەر کار.

ـ کەمکردنەوەی دەرکەوتەکان و زیادکردنی داهات.

ـ فرۆشتنی زیاتر.

ـ پڕاگەیشتنی (خزمەتکاری) باشتر بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵک و .... هتد.

لەو شێوازە ڕاهێنەرییەدا پێویستە لەسەر هەڵسوکەوتەکان کار بکرێ و لەو میتۆدە ڕاهێنەرییەدا مرۆڤ دەتوانێ ئەو ئاکامەی وەدەستی دێنێت، دەستنیشان بکات. یانی بە ئاسانی دەتوانێ بزانێت بەو ئامانجە گەیشتووە کە مەبەستی بووە یان نا.

٣. ڕاهێنەری گەشەکردن: لەو میتۆدەدا زۆرترین سەرنج لەسەر گەشەکردنی کەسۆکی (شەخسی) فێرخوازە. فێرخواز یارمەتی دەدرێ بۆ ئەوەی کار لەسەر پێشکەوتنی خۆی بکات. لەوانە، هەستی ئەرێنی وەک زیاتر باوەڕبەخۆبوون، خۆخۆشویستن یانی دانانی ڕێز و حورمەت بۆ کەسیەتی خۆی، بیرکردنەوەی ئەرێنی و هەبوونی ئاواتی زیاتر و .... هتد. بۆ ئەوەی پرۆسەی ڕاهێنەری لێرەدا سەرکەوتوو بێ، دەبێ بیر و ویستەکانی فێرخواز ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن.

کۆکردنەوەی زانیاری

هێندێک جار فێرخواز هێندێک یاساو ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە کە داکۆکیان و پەیڕەویان لێدەکات. ئەو ڕێسایانە پێوەندییان بە شێوازی بیرکردنەوە، هەستەکان، شێوازی هەڵسوکەوتکردن و هەروەها شێوەی شت فێربوون هەیە.

بۆیە هەر گۆڕانکارییەک دەبێ بەپێی ئەو یاساو ڕێسایانە بێت. لێرەدا ڕاهێنەر دەبێ هەوڵ بدات و بزانێت کە کەسایەتی فێرخواز چۆنە؟ فێرخواز کێیە و چی دەوێت؟

لەو کاتەدا ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەتوانن یارمەتیدەری ڕاهێنەر بن بۆ ئەوەی بزانێت چ شێوازێک لە میتۆدی ڕاهێنەری بۆ ئەو فێرخوازە گونجاوە.

١. تا ئێستا ڕووبەڕووی چ شتێک ڕاوەستاوی یا بەرپەرچت داوەتەوە؟

٢. لە کام یەک لەو ئاکام یا ئامانجانەی کە تا ئێستا پێی گەیشتووی، ڕازی؟

٣. چ شتێک، وزەو هێزت دەداتێ؟

٤. چ شتێک هۆکارە یان هانت دەدات بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکەی؟

لەوانەشە هێندێک پرسیاری دیکە بۆ ڕاهێنەر بێتە پێش کە لەو پرسیارانە باشترو پێویستتر بن.

یا ئەوەیکە ڕاهێنەر هەر لە وەرگرتنەوەی وڵامی پرسیاری یەک و دووڕا بتوانێت میتۆدی ڕاهێنەرییەک پێشنیار بکات.

بابەتەکان، پرسیارەکان و وڵامەکان لە مرۆڤێکرا بۆ مرۆڤێکی دیکە جیاوازن.

نموونەیەک:

کاوەناوێک زۆر دەترسێت وەک کۆڕگێڕێک بەشداری سیمینارێک بکات.

کاوە قەرارە وەک کۆڕگێڕێک لە سیمینارێکدا بەشداری بکات. هێندەی کات نەماوە و هەر لە ئێستاوە شڵەژاوە و ترس و نائارامی دەستی پێکردووە. کاوە پێی وابوو ئەو بۆ کۆبوونەوەیەک بانگ کراوە کە تەنیا سێ تا چوار کەسی لێ دەبێت بەڵام ئێستا دەزانێت کە زۆر زیاتر لە سێ کەس بەشدار دەبێت و ئەو دەبێ قسە بۆ هەموویان بکات.

هیچ شتێک لەوەی ناخۆشتر نییە بۆ ئەو کە دەبێ بۆ خەڵکێکی زۆر قسە بکات. هەروەک بۆ خۆی دەڵێت: زۆرتر ترسەکەی لە بەر لەرزینی لەشیەتی. ئەو لەکاتی قسەکردن بۆ خەڵکێکی زۆر، لاق و دەست و تەنانەت دەنگیشی وەلەرزین دەکەوێت.

هەر بۆیە زۆر پەشۆکاوە کە چۆن بەشدار بێت. ئەو زۆر حەزی لێیە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆی لەو سیمینارە وەک کۆڕگێڕ بدزێتەوە و بەشداری نەکات. بۆ وێنە بڵێت کە ئەو نەخۆشە و ناتوانێت بەشداری سیمینارەکە بکات.

ئەو بابەتە وەک سووژەی کاری ڕاهێنەری لە نێوان ڕاهێنەرێک و کاوە کاری لەسەر دەکرێ. با بزانین ڕاهێنەر چۆن دەتوانێت یارمەتی کاوە بدات، بۆ ئەوەی بەشداری سیمینارەکە بێت. لەو کاتانەدا چ پرسیارێک لای ڕاهێنەر دروست دەبێت؟

لە پێشدا ڕاهێنەر دەبێ لە ڕێگای هێندێک پرسیارەوە باوەڕێک لای کاوە دروست بکات، کە ئەو دەتوانێت یارمەتی کاوە بدات بۆ ئەوەی بە بێترس و شڵەژاوی بەشداری سیمینارەکە بێ و تێیدا سەرکەوتوو بێت. کاوەش دەبێ کێشە و ترسەکانی خۆی ڕاشکاوانە، ڕوون و بێ پێچوپەنا بۆ ڕاهێنەر باس بکات. ڕاهێنەر پیشانی کاوە دەدات کە ئەو ڕێز و تێگەیشتنی هەیە بۆ ئەو هەست و ترسانەی کاوە و ئەو شێوە هەستانە لە لای زۆر کەس ئاساییە.

ڕاهێنەر شێوازێک لە میتۆدی ڕاهێنەری بەوردی بۆ کاوەی شی دەکاتەوە کە کاوە دەتوانێت یارمەتی و کەڵکی لێوەرگرێت.

لە بەشەکانی دیکەدا زیاتر ئاماژە بە شێوازی ڕاهێنەری لەسەر کێشەکەی کاوە دەکرێت.

# پانۆڕامای ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ١٣٩٨

## (بەشی دووهەم و کۆتایی)

**ئا: کوردستان**

٤ی ڕەزبەر: ڕۆمانی «هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان» لە نووسینی «بێهرووز بووچانی»، ڕۆژنامەنووس و نووسەری ئیلامی، لە لایەن دوکتور «هاشم ئەحمەدزادە»، لێکۆڵەر و وەرگێڕی کورد، بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو کرایەوە.

١١ی ڕەزبەر: پرۆفیسۆر دوکتور «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»، دۆستی نیزیکی شەهید د.قاسملوو بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

١٧ی ڕەزبەر: دەوڵەتی تورکیە دوای ڕاگەیاندن و خۆئامادەکردنی چەند ڕۆژە بۆ هێرش بۆ سەر کوردستانی ڕۆژئاوا هێرشەکانی دەست پێکرد. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان» سەرکۆماری تورکیە هێرش بۆ سەر کوردستانی ڕۆژئاوای بە ناوی عەمەلیاتی «کانیی ئاشتی» دەست پێکرد. لە یەکەم هێرشدا شاری «سەرێکانی و کۆبانی» کرانە ئامانجی فڕۆکەکانی ئەرتەشی تورکیە.

١٨ی ڕەزبەر: دوای هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستانی ڕۆژاوا حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند: بەرانبەر بە خاک و خەڵکی کوردستان هەست بە بەرپرسایەتی دەکەین. «محەممەدنەزیف قادری»، جێگری دووهەمی لیپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و کاردانەوە بەرانبەر بەم هێرشانە ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکرات بە هەستی بەرپرسایەتییەوە دەڕوانێتە پرسی داکۆکیکردن لە خاک و خەڵکی کوردستان.

٢٠ی ڕەزبەر: خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هێرشی داگیرکاریی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستانیان مەحکووم کرد و ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و دژی تورکیە خۆپیشاندانیان بەڕێوەبرد. لەو خۆپیشاندانانەدا، خەڵک بە دروشمی وەک: « کوردستان گۆڕستانی فاشیستان، مەرگ و نەمان و نیستی بۆ تورکیەی فاشیستی، مەرگ بەر دیکتاتۆر، هەتا کوردێک بمێنێ کوردستان هەر دەمێنێ» و دروشمی دیکە، پشتیوانیی لە کوردستانی ڕۆژئاوا کرد.

٢١ی ڕەزبەر: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای پشتیوانی لە دەنگی خرۆشاوی خەڵکی کوردستان داوای کرد کە شەقامی شارەکانی کوردستان بکەنە گۆڕەپانی وەستانەوە دژی داگیرکەران و داوا لە خەڵکی کوردستان کرا بەردەوام بن لە دەربڕینی هاوخەباتی و هاوخەمی لەگەڵ خەڵکی ڕۆژئاوا و شەقامی شارەکانی کوردستان بکەنە شانۆی وەستانەوە بەرامبەر بە دیکتاتۆر و داگیرکەران.

٣٠ی ڕەزبەر: فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی جودۆ، ئەندامێتیی فێدراسیۆنی جودۆی ئێرانی بەهۆی ئەوەی کە نەیهێشتووە ورزشوانانی ئەم وڵاتە لەگەڵ ڕکابەرە ئیسرائیلییەکان ڕووبەڕوو ببنەوە، هەڵپەسارد.

٥ی خەزەڵوەر: «کەیهان کەلهوڕ»، ئاهەنگساز و ژەنیاری کەمانچە و سێ تار، لە ڕێوەڕەسمێکدا لە وڵاتی «فەنلاند»، خەڵاتی ساڵی ٢٠١٩ی «ومکس»ی پێ بەخشرا.

٨ی خەزەڵوەر: لە ڕاگەیەندراوێکی فەرمیی ڕێکخراوی «یونسکۆ» شاری سنە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک «شاری ئافراندنی مۆسیقی» لە جیهاندا ناوی تۆمار کراوە.

١٣ی خەزەڵوەر: خەڵاتی نێودەوڵەتیی «دایکە تێرێزا»، ئەمساڵ بە کچە کوردێکی ئێزدیی خەڵکی «شنگال» بە ناوی «ئیمان ئیلیاس» بەخشرا کە ماوەی ساڵێک دیلی دەستی داعش بوو و بە وتەی خۆی، سێ جار داعش کڕین و فرۆشتنی پێکردبوو.

٢٣ی خەزەڵوەر: ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات کەمپەینێکی لەژێر ناوی «بێدەنگی بشکێنین»، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو زوڵم و ئازار و دەنگی کپکراوی ژنان، ڕێک خست.

٢٤ی خەزەڵوەر: ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دوای ماوەیەک مشتومڕ بۆ دیاریکردنی نرخی سووتەمەنی، بەفەرمی بەنزینی گران کرد.

٢٥ی خەزەڵوەر: هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دوای ئەوەیکە بەنزین گران بوو، لە شارەکانی کوردستان و ئێراندا ئامادەباشیی ڕاگەیاند. هێزە سەرکوتکەرەکانی بەسیج، هێزی ئینتزامی و ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران بە باتۆم و گازی فرمێسکرێژ ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. لە زۆربەی شارەکاندا هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لە مەیدانە ئەسڵییەکانی شاردا جێگیر بوونە. لە شارەکانی سنە، کامیاران، گەیلانی غەرب، خورەم ئاباد، شاباد، ورمێ، سەقز و مەریوان و چەندین شاری دیکە خەڵک ناڕەزایەتییان دەربڕیوە. بەشێکی زۆر لە خەڵک ماشینەکانیان بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە گرانبوونی بەنزین لە شەقامەکاندا کوژاندووەتەوە. خۆپیشاندەران لە شاری شاباد سەر بە شاری کرماشان، دروشمی «مەرگ بەر ڕووحانی»یان وتووەتەوە.

٢٦ی خەزەڵوەر: حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای مەحکوومکردنی سیاسەتی ڕێژیم لە گوشارهێنانی زیاتر بۆ سەر خەڵک، پشتیوانی و پشتگریی خۆی لەو حەرەکەتە ناڕەزایەتییانەی خەڵک لە هەر شێوەیەکی مومکیندا، دەردەبڕێ. هاوکات لێپرساوی گشتیی حیزب داوای لە خەڵک کرد کە بە هەموو چین و توێژەکانەوە درێژە بە خۆپیشاندانەکان بدەن.

٣٠ی خەزەڵوەر: «عوسمان مستەفاپوور و محەممەد نەزەری»، دوای ٥٣ ساڵ زیندانی ئازاد کران.

٨ی سەرماوەز: ناوەندی فەرهەنگی و چاپەمەنیی باشوور داوای لە ٣٠ کەسی خاوەن قەڵەم کردبوو کە لە بوارە جیاوازەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی، سێ کەس بەربژێر بکەن، هەتا خەڵاتی وێژەی باشووری پێ ببەخشرێت. لەم نێوانەدا «ئاکۆ جەلیلیان» زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا و خەڵاتی وێژەی باشووری پێبەخشرا. گەورەترین بەرهەمی «ئاکۆ جەلیلیان»، ئینسکۆپیدیای «کوردیکا»یە کە تەواوی زاراوەکانی کەلهوڕی، کرمانجی، سۆرانی، لەکی، لوڕی و شەبەکیی، لەخۆ گرتووە.

١١ی سەرماوەز: «زارا محەممەدی»، مامۆستای دەسبەسەرکراوی زمانی کوردی بە دانانی بارمتەی ٧٠٠ ملیۆن تمەنی، بە شێوەی کاتی ئازاد کرا. «زارا محەممەدی»، ڕۆژی ٢ی جۆزەردان، لەلایەن لیباس شەخسییەکانەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر کرا و هەتا ١٠ی جۆزەردان لە ژووری تاکەکەسی ڕاگیرابوو و دواتر بۆ زیندانی سنە ڕاگوێزرا .

٢١ی سەرماوەز: کۆنفرانسی دۆخی نەتەوەکانی ئێران لە یەکیەتیی ئورووپا، بەڕێوەچوو کە تێیدا بەڕێز لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات وتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە ڕێژیمی ئێران بە سیاسەتێک کە دژی نەتەوەکانی ئێران گرتوویەتە بەر، تەنیا هەوڵی سڕینەوەی نەتەوکانی ئێران دەدات.

٢٥ی سەرماوەز: ١٤ـیەمین فێستیڤاڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە دروشمی «پێشمەرگە شکۆی کوردبوونە» بەڕێوەچوو. مەبەستی فێستیڤاڵەکە فێرکردن و ڕاهێنانی پێشمەرگە بە چەکی هزری و نیزامیی بوو و لە سێ بەشی سیاسی، نیزامی و وەرزشیدا بەڕێوە برا کە کێبڕکێ ناوەندی چالاکییەکان بوو.

٣٠ی سەرماوەز: دوای چەند ڕۆژ لە ونبوونی کۆڵبەرێکی تەمەن ١٤ ساڵەی خەڵکی گوندی نێی مەریوان بە ناوی «فەرهاد خوسرەوی»، تەرمەکەی بە ڕەقهەڵاتوویی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە لە ملەی «تەتە»ی هەورامان دۆزرایەوە و لە تەنیشت گۆڕی برا شەهیدەکەی، بە خاک ئەسپێردرا.

٣ی بەفرانبار: لە هەوڵێکی هاوئاهەنگدا، مامۆستایان لە دەیان شار لە کوردستان و ئێران بەنیسبەت وەدینەهاتنی داواکارییەکانیان دەستیان دایە مانگرتن.

٣ی بەفرانبار: هەواڵدەریی ڕۆیتێرز لە ڕاپۆرتێکدا کوژرانی ١٥٠٠ کەسی لە خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەردا ڕاگەیاند و لە زاری سێ سەرچاوەی نزیک لە ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نووسیویەتی کە خامنەیی فەرمانی داوە کە بۆ ڕاگرتنی خۆپیشاندانەکان «هەر کارێک کە پێویستە»، ئەنجام بدرێت.

٩ی بەفرانبار: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەیانییەیەکدا شانۆگەریی هەڵبژاردنی لە ئێران تەحریم کرد. لەو بەیانییەیدا هاتووە: «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕوو دەکاتە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کە لە چوون بۆ سەر سندووقەکانی شانۆی هەڵبژاردن خۆ ببوێرن و ڕێگاش نەدەن پیلانەکان و نەخشە دزێوەکانی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان سەر بگرێت.»

١٣ی بەفرانبار: خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دوای ئەوەیکە هەواڵی کوژرانی پاسداری تێرۆریست «قاسم سلێمانی» لەلایەن ئامریکاوە بڵاو کرایەوە، خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی و شیرینییان بڵاو کردەوە.

١٦ی بەفرانبار: ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دوو ڕۆژ دوای کوژرانی قاسم سلێمانی، هەنگاوی پێنجەم و کۆتایی کەمکردنەوەی بەڵێنییەکانی بە ڕێککەوتنی ناوکی ڕاگەیاند و وتی کە چیدی لەگەڵ هیچ بەربەستێک لە بوارە عەمەلیاتییەکان وەکوو توانایی پیتاندن، ڕادەی پیتاندن، ڕێژەی ماددەی پیتێندراو ڕووبەڕوو نییە.

١٨ی بەفرانبار: ڕێژیمی ئێران، بنکەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە خاکی هەرێمی کوردستان کردە ئامانجی هێرشە مووشەکییەکانی خۆی.

١٨ی بەفرانبار: فڕۆکەیەکی موسافربەری ئۆکراینی لە جۆری «بویینگ ٧٣٧»، پاش بەرزبوونەوەی لە فڕۆکەخانەی «خومەینی» لە تاران، لەلایەن سپای پاسدارانەوە خرایە خوارەوە و زیاتر لە ١٧٠ کەس گیانیان لەدەست دا.

٢١ی بەفرانبار: پاش تێپەڕبوونی ٤ ڕۆژ بەسەر خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە لەلایەن سپای پاسداران و شاردنەوەی ڕاستییەکان لەلایەن ڕێژیمەوە، ستادی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک، ئەم ڕووداوەی بە هەڵەی مرۆیی نەخوازراو ناو برد.

٢٢ی بەفرانبار: پاش دانپێدانانی ڕێژیم بە خستنە خوارەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی، خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە دژی ڕێژیمی ئێران گەیشتە ڕۆژی دووهەم و لە شارەکانی: «سنە، کرماشان، تاران، شیراز، بابێل، یەزد، ئیسفەهان، قەزوین، مەشهەد، سێمنان، ئەراک و ئامۆل»، ناڕازییان هاتوونەتە سەر شەقام و دژی ڕێژیمی ئێران و بەرپرسەکانی دروشم دەدەن. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە شارەکانی سنە و کرماشان گازی فرمێسکرێژیان بەکار هێناوە، هەتاکوو بڵاوە بە خەڵک بکەن. خۆپیشاندەران بە دروشمەکانی: «نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی»، «سپای بێ کیفایەت مایەی سەرشۆڕی خەڵکی»، «نەمان بۆ دیکتاتۆر»، «نەمان بۆ خامنەیی»، «سپای پاسداران بۆ ئێمە داعشە»، «سپا تاوان دەکات، ڕێبەر پشتیوانی دەکات» و دەیان دروشمی دیکە دژی ڕێژیم و سپای پاسداران و بەسیج، لە شەقامەکان ناڕەزایەتیی خۆیان دەر دەبڕن.

٢٥ی بەفرانبار: لە «مەهاباد»، بنەماڵەی قوربانییانی فڕۆکە ئۆکراینییەکە ئیزنیان نەدا کە تەرمی ڕۆڵەکانیان کە بە ئاڵای داگیرکەرەوە وەرپێچرابوو، بنێژرێن. لە سنەش لە لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی دوکتور «ئاروین مورەتەب» و دوکتور «ئایدا فەرزانە» خەڵک مەرگ بە تێرۆریستیان دەوتەوە. هاوکات خەڵک سروودی «ئەی شەهیدان»یان یەکدەنگ وتەوە.

٣٠ی بەفرانبار: لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشوازیی لە «والی دروودی» یەکێک لە دێرینەترین زیندانیانی سیاسیی کورد کرد. «والی دروودی» زیندانیی سیاسیی کورد دوای ٢٣ ساڵ زیندان کە لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئێراندا ئازاد کرا؛ دروودی، دوای ئەو ڕێوڕەسمە پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوو.

٢ی ڕێبەندان: سێمیناری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە ژێر ناوی «کۆماری کوردستان ئەزموونێکی شکۆدار و هێمای یەکڕیزیی نەتەوەییە بۆ بونیاتنانی سەروەریی نیشتمانی» لە هەولێر بەڕێوە چوو و نوێنەری هەر کام لە چوار حیزبی بەشدار باسەکانی خۆیانیان پێشکەش کرد.

٢٢ی ڕێبەندان: ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەندان لە کوردستان شکستی هێنا.

٢٩ی ڕێبەندان: ئەنستیتۆی کورد لە فەرانسە بە مەبەستی ڕێزگرتن بۆ یادی دوکتور قاسملوو سێمینارێکی بە شکۆی پێک هێنا. جێگری یەکەمی لێپرساوی گشتی حیزب لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بوو و پەیامی لێپرساوی گشتیی حیزبی پێشکەشی ئامادەبووان کرد کە لەم پەیامەدا هاتبوو: دوکتور قاسملوو خاڵەکانی سیمای دێموکراتی وەک پرەنسیپەکانی ئەندامی حیزبی دارشت کە دەبێ مانا بە بیرکردنەوە و ڕەفتار و کرداری تاکەکان بدات. ئەو پێی وابوو کە دێموکرات لە بەستراوەیی بێزارە، دێموکرات ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ نییە، دێموکرات بۆ وەلانانی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکات، دێموکرات باوەڕی بە ڕەساڵەتی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە.

١ی ڕەشەمە: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پرسی هاوکاری و هاوئاهەنگیی پێشمەرگانە لە بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکی بەڕێوە برد. ئەو کۆبوونەوەیە بە مەبەستی هەڵگرتنی هەنگاوە کردەییەکانی هاوئاهەنگیی پێشمەرگانە لە بوارەکانی چالاکی لە کوردستان و پێکەوەبوونی هێزەکان بووە.

٢ی ڕەشەمە: یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم بەڕێوە چوو و دەنگی بایکۆت لە کوردستان و ئێران دەنگی یەکەم بوو. زیاتر لە ٨٠ لەسەدی خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنەکە بەشدارییان نەکرد.

٤ی ڕەشەمە: بوومەلەرزەیەک بە گوڕی ٥.٩ ڕیشتەر شاری خۆی سەر بە پارێزگای ورمێ هەژاند و لەو بوومەلەرزەیەدا ژمارەیەک هاووڵاتی بریندار بوون و خەسارێکی ماددیی زۆریش بەر خەڵک کەوتووە.

٦ی ڕەشەمە: لێپرساوی گشتیی حیزب پەیامێکی بۆ خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی خۆی بڵاو کردەوە و وێڕای ئەوەیکە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گیان لەدەستداوەکان کرد داواشی کرد کە بە هانای خەڵکی ئەو ناوچەیە بڕۆن.

٩ی ڕەشەمە: شاری قوم ناوەندی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێرانە و ڕێژیم بۆ پاراستنی کاربەدەستانی باڵای دەسەڵاتەکەی و بەتایبەتی ئاخوندەکانی شاری قوم، ئەو کەسانە بۆ کوردستان ڕادەگوازێت.

١٩ی ڕەشەمە: خەڵکی کوردستان بە شێوەی خۆڕسک پێشگری لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا دەکەن.

٢٠ی ڕەشەمە: خەڵکی کوردستان بە شێوەی خۆڕسک بەهانای «خۆی و سەڵماس» دەچن و پێداویستیی سەرەتاییان بۆ ئەو ناوچانە بردووە. خەڵکی گوندی قاسملوو سەر بە ورمێ، یارمەتی و پێداویستییان کۆ کردووەتەوە و ڕەوانەی ئەو ناوچانەیان کردووە.

# لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە



## دیمانەیەک لەگەڵ «باران سۆفی ئەحمەدی»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

**دیمانە: کوردستان**

کوردستان نیشتمانێکە کە چاونەزێرانی تاریکپەرست ساڵانێکی دوورودرێژە چاوی تەماحی تاڵانیان تێبڕیوە؛ هەر بەو پێیەش پاراستن و پارێزگاری کردن لێی، لە هەلومەرجی ئێستەدا ئەرکێکی نەک نەتەوەیی بەڵکوو ئەخلاقی و مێژووییە کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کیژ و کوڕە جوامێر و دەروەستانەی کە سەرباری زانیارییان لەسەر سەختییەکانی ڕێگای خەبات، ئامادەن گیانفیدایی بکەن و ببنە پردەبازی ڕێگای ئازادی گەل و نیشتمانەکەیان. یەکێک لەو ڕۆڵە بەجەرگانەی نیشتمان خوشکە «باران سۆفی ئەحمەدی»یە کە بە گیانێکی لێوانلێو لە ئازادیخوازییەوە چەکی داکۆکی لە کەرامەتی نەتەوەکەی لە شان کردووە و لە سەنگەرەکانی خەباتدا بۆ ئازادژیان تێدەکۆشی.

- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟

بەبڕوای من هەر کەسێک کورد بێت هەستێکی بەرانبەربە نەتەوەکەی هەیە و لە هەر بنەماڵەیەک پێشمەرگە وکوردستان سەنبۆلێکی گەورەیە بەڵام شایەد بەهێندێک هۆکار یان لەڕووی ناچارییەوە دژایەتی ئەو دووشتە بکەن. منیش وەک تاکێکی کورد لە بنەماڵەیەک گەورە بووم کە خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگە ببووە هەوێنی ژیانمان و بەردەوام باسیان لە گەورەیی و دڵسۆزی پێشمەرگە دەکرد؛ هەربۆیە زۆرم حەز دەکرد ڕۆژێک بێت منیش بتوانم شانازی ناوی پێشمەرگە و هەڵگرتنی چەکی شەرەف نەسیبی خۆم بکەم.

ـ هەرکەسێک کۆمەڵێک ئاوات و ئامانجی هەیە لە ژیانیدا، بۆچی ئەم ڕێبازەت هەڵبژارد لەحاڵێکدا کە دەزانیت ڕەنگە لەم پێناوەشدا گیانت لە دەست بدەیت؟

کاتێک کە بیر لە کورد و نەتەوەی کورد وهەروەها خوێنڕشتنی هەزاران ڕۆڵەی بێ تاوان و قارەمانییەتی باوکان وجەرگ سووتانی هەزاران دایک دەکەیەوە خۆشی ژیان بەلاتەوە بێمانا دەبێت وحازری لەپێناوی ئەم خاک ونیشتمانە وهەروەها خەڵکیش بێت بەنرخترین سەرمایەی ژیانت کە گیانتە بەختی کەی بەڵکوو بتوانی ئەو برینانەی کە لەمێژە لەسەر جەستەی کوردە سارێژی کەی.

- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟

هەستێکی زۆر خۆشم هەیە و زۆر دڵخۆشم کە توانیومە پێ لە جێ پێی شۆڕشگێڕان دابنێم و شانازی پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگایەتی نەسیبی خۆم بکەم. هەستم بۆ کوردستان وەک هەستی دایک وایە هەر بۆیە لەبەرانبەریدا هەست بە بەرپرسایەتی زۆر دەکەم و تا ئەو جێگایەی کە لە توانایم دابێت تەنانەت زیاتریش هەوڵ وتێکۆشانی خۆمی بۆ دەدەم تاکوو ئێمەش ڕزگاریمان بێت لەژێر چنگی داگیرکەران.

- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە، شۆڕش و خەبات، نەتەوە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:

لەڕوانگەی منەوە نیشتمان چەمکێکە کە هەموو شتێک لە خۆوە دەگرێت بەواتایەکی ترنیشتمان ، ژیانە، دایکە.

پێشمەرگە کەسێکی لەخۆبردوو و خۆنەویستە کە هیچکات بیر لە بەرژەوەندی خۆی ناکاتەوە وبۆ بەدەستهێنانی ماف وئازادی گەل وهەروەها پاراستنی سەروەرییەکانی نەتەوەی کورد گیانی خۆی بەخت دەکات.

شۆڕش وخەبات،هەوڵ وتێکۆشانێکە کە لە پێناوی ڕزگاری گەلی بندەستی خۆمان دەیکەین بۆئەوەی ئێمەش لەو هەموو زووڵم وزۆرییەی کە بە درێژایی مێژوو لەدژی ئێمە کراوە ڕزگارمان بێت.

- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟

گەورەترین ئاوات بۆ یەک پێشمەرگە وتاکێکی کورد ڕزگاری کوردستانە بەخاتری ئەوەی کە نەتەوەی کورد لەوەتەی هەیە کەوتۆتە بەر تەوژمی داگیرکەران وهیچکات ڕەنگی خۆشی بەخۆیەوە نەدیوە وهەمووکات بۆتە مەیدانی ململانی وشەڕ و کێشە و بەتاڵانبردن لەلایەن زلهێزەکان وهەروەها کوشتن و زیندانی کردن و لەسێدارە دانی ڕۆڵە بێتاوانەکانی.

- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟

بۆ هەرمرۆڤێک ئەوە ئازادییە کە واتا بە ژیانی دەبەخشێت. بۆئێمەش ئازادی وگەڕانەوە بۆ باوەشی گەل ونیشتمانی خۆمان ودانانی دەوڵەتێکی کوردی واتا دەدات بە ژیانمان .

- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟

قسەی من ئەوەیە کە وەک هەمیشە پشتیوانی پێشمەرگە بن و بە هۆشیارییەکی زۆرەوە بەرهەڵستی پیلانەکانی ڕێژیمی ئاخووندی ببنەوە و فریوی فێڵ وسیاسەتە قیزەونەکانیان نەخۆن وهەروەها داوا لە دایکان وباوکان دەکەم نەبنە ڕێگر لە منداڵەکانیان بۆ پەیوەست بوونیان بە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وهەر لە منداڵی کەسانێکی نیشتمانپەروەر و کورددۆست پەروەردە بکەن.

- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟

قۆناغی ئێستای خەباتی ئێمە زۆرهەستیار و گرینگە بەو مانایە کە ڕێژیمی ئاخوندی ئێران دوای زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداری ئەمڕۆکە زیاتر لەجاران قەیرانەکانی زەق بۆتەوە وتەمەنی بەرەو کۆتایی دەچێت بۆیە ئەرکێکی قورسمان لەسەر شانە و پێویستە بە بیروباوەڕتر و بەهێزتر و هەروەها بەسەبرتر لەجاران چەقی خەباتمان ڕابگرین وئەو ئەرکەی کە لەسەر شانمانە بەوپەڕی دڵسۆزی وفیداکارییەوە بە جێی بگەیێنین و ڕێگە نەدەین ڕێژیمی کۆنەپەرەست نفوزمان لە نێودا بکات.

- وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟

کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە کە بەردەوام کەوتۆتە ژێر تەوژمی داگیرکەر وبەدرێژایی مێژوو زوڵمی لێ کراوە بەو حاڵەشەوە هیچکات دەستی لە خەبات وتێکۆشان هەڵنەگرتووە بۆیە پەیامم بۆ خۆفرۆشەکان ئەوەیە کە چیدیکە ڕێگە نەدەن ڕێژیم سووکایەتییان پێ بکات و وەک بووکەشووشەیەک بۆ درێژەپێدانی فەساد و بێ ئەخلاقی کەڵکیان لێوەربگرێت و چەکی خەیانەت کە هەڵیانگرتووە دایبنێن وچیدیکە چڵکاوخۆری ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە نەبن چوون ئاسۆی خەباتمان ڕوونە و دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە ئێمەش بە ئازادی وسەربەستی بگەین، با ئەو کات شەرمەزاری نەتەوەی کورد وبنەماڵەی شەهیدان نەبن.

- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟

وەکوو بەرنامە، بەرنامەیەکی زۆرتایبەتم نییە بەس هەوڵ دەدەم ئەو شتانەی کە فێریان بوومە منیش فێری نەسڵی دوای خۆمی بکەم .

. تۆ کەسێکی کە لە نێو هاوڕێیانتدا بە خاوەن هەستێکی تایبەت بۆ نیشتمان ناسراوی و ئەم هەست و سۆزەت لە ڕێگەی شێعر و پەخشانەوە دەردەبڕی. هیچ هۆنراوەیەکت هەیە کە لێرەدا پێشکەشی خوێنەرانی کوردستانی بکەیت؟

بەڵێ؛ دیارە ئەوەیکە من دەیهێنمە سەر کاغەز زیاتر لەوەیکە شێعرێکی تایبەت بێ دەربڕینی هەست و ئێحساسی تاکەکەسی خۆمە، بۆیە خۆم بە شاعێر نازانم. بەڵام هۆنینەوەیەکی نوێم هەیە کە لێرەدا پێشکەشی دەکەم.

من دەمهەوێ ڕزگارم بێت
لە ڕەنگی زەرد و وەرینی گەڵا و
ڕەنگی غوربەت
من دەمهەوێت ببمە باران ، ئازادی
بەسەر ڕۆح و
سەر و ڕوومەتی کیژۆڵەیەکی
جوان و ناسک و هەناسەساردا
ببارێنم.
تا لەژێر چەپۆکی بێڕەحمانەی
ڕۆژگار و باوک و برا ڕزگاری
بێت.
ئەم ڕۆژگارە چوار وەرزی ساڵ،
ڕەنگێ خەزانی بەخۆوە گرتووە
ژیان بۆ ژنێک بۆتە گەلای
هەڵوەریوی پیرەدارێک
لەنێو تەواوی ڕەنگەکاندا
بێڕەنگییەک دەمکوژێ،
لەنێو تەواوی چنارەکاندا
دارێکی وشکهەڵاتوو گەڵا و
چرۆکانی جەستەمی وشک
کردووە.
سێبەرێک شک نابەم لەوێدا پشوو
بدەم، تا ماندوویم بحەسێتەوە.
لێرە فریشتەیەکی سپی باڵندەیەکی
هێلانە شێواوی بچووک دەبینم،
کە تەمی بێمەینەتیی ڕۆژگار
تەواوی ڕوخساری تەنیوە و
چرۆی هیواکانی وەکوو خەونێک
لەگەڵ پەڕەسیلکەکان فڕیوە و
بێ شرۆڤە ماوەتەوە.
لە دەروونی خۆما وا هەست دەکەم
کەس نییە دڵی ببێتە کانیاوێک،
تاکوو من گوڵی ژاکاوی تینووی
خۆمی پێ تێرئاو بکەم
من دەمهەوێ ڕزگارم بێت و
هاوار بکەم
ئەمن ژنم و
کۆڵ نادم و
نابەزم و
ماندوو نابم.
سەختی و بەربەستەکانی ژیانم
کە وەک بەستەڵەک تەواوی
گیانمیان بەستووە
دەشکێنم و ماسیی ئاواتەکانمی
لێ ڕزگار دەکەم.

## ساڵی ١٣٩٨ ساڵی نەمانی ڕەوایی ڕێژیم بوو

**جاقل**

ساڵێکی دیکە رابوورد؛ لەو ساڵەدا لە ئێران هاوتەراز لەگەڵ توندوتۆڵکردنی زیاتری چەکمە سەربازییەکانی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ قرتوبڕ و لەنێوبردنی گەلانی مافخوازی ئەم جوغرافیایە، هاوشان لەگەڵ زیاترکردنی ڕێژەی ئێعدام و سەرکوت و ئەشکەنجە و گرتن و ئازاردانی هەموو گیانلەبەر و بێ گیانەکانی ئەو هەرێمانەی کە نەتەوەکانی ئێرانی تێدا دەژی، و هەروەها پێ بە پێی لە زیندان پەستاوتنی ڕۆژنامەنووسان و سەرکوتی بێبەزەییانەتری ژنان، ئاگری شۆڕشی خەڵکانی مافخوازی ئێرانیش زیاتر بڵێسەی ئەستاند و دەنگی ئازادیخوازی و مافویستی خەڵکانی بێ دەرەتانی هەژارکراو لە ئێران بەرزتر و بەرزتر بوویەوە و سەنگەری بەرخۆدان و هەوڵدان بۆ ئازادی قایمترو پتەوتر بوویەوە.

ساڵی ٩٨، بەگشتی ساڵی زەقتربوونەوەی دیوی فریوکارانە و دووڕوویییەکانی ڕێژیم بۆ خەڵکانی ئێران و بیروڕای گشتی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا بوو کە ڕەنگە ڕووداوەکانی مانگی خەزەڵوەر و بەفرانبار و دواجاریش نهێنیکارییەکان و شاردنەوەی ڕاستییەکان لە خەڵک بۆ پرسی کۆڕۆنا و هەوڵدان بۆ شاردنەوەی جینایەتی سامناکی فڕۆکەی ئۆکڕاینی تەنیا چەند نموونەیەک بن کە دەکرێ وەک دوابزماری تابووتی ڕێژیم لەمەڕ نەمانی ڕەوایی ڕێژیم سەیر بکرێت. ئەم ڕووداوانە لەگەڵ ئەوەیکە ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئاخوندی زیاتر پیشانی خەڵکانی ئێران دا، دڕدۆنگییەکانی ڕۆژاوا و بەتایبەت ئامریکاشی لەبەرامبەر ئێران کەمتر کردەوە، بەچەشنێک کە ڕێژە و ئاستی تەحریم و گوشارەکان زیاتر و زیاتر کران.

لە بواری مافی مرۆڤەوە، ئەگەر چەندین ساڵ بوو کۆماری ئیسلامی لە هێندێ کۆڕو کۆبوونەوەی جیهانیدا، بیرمەندان و سیاسەتڤانانی دەخستە نێو کایەی درۆیینی چەمکە دەستکردە پێناسەهەڵنەگرەکانی وەك مافی مرۆڤی ئیسلامی و گونجان یان نەگونجانی یاسا نێونەتەوەییەکان لەگەڵ کولتووری ناوچەیی و هتدەوە، ئیدی بەو سەرکوتە هەوساڕپچڕاوەی کە لە ئەمساڵدا کردی و بەو کوشتن و زیندانیکردنە بەربڵاوەکانی خەڵك لەبەردەم دووربینە تاکەکەسییەکان بەڕێوەی برد، دەستی بە تەواوی روو بوو و کەوتە بەر لۆمە و گازندەی بەربڵاوی ناوەند و نیهادە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ.

ڕەهەندێکی تری جێگەی باس هاواری ٤٠ ساڵەی خەڵکانی ئازادیخواز و تێگەیشتووی ئێران دەرحەق بە پێشێلکردنی مافەکانیان بوو کە بەردەوام دەیانگوت: ئیزنی دەنگ‌هەڵبژینیان نییە و هەر دەنگێکی جیاواز دەخنکێنن و ئەوەی ناوی ئیسڵاحات و ڕۆژنامەی ئیسڵاحتەڵەب و هتد بێ، شتەیك نییە جگە لە مەکیاژێکی درۆیین، بەڵام بڕوایان پێ نەدەکرا تا ئەوەیکە درووشمە ڕادیکاڵەکانی شەقام کە کۆماری ئیسلامی لە تەواوییەتی خۆیدا تووشی قەیرانی ڕەوایی کرد لە گەرووی نارازییانەوە هاتە دەرێ و دنیا بەو ڕاستییەی زانی کە ئەم ڕێژیمە بە هەموو باند و تاقمەکانییەوە لەلای خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران بێزراوە.

ساڵی رابردوو بەگشتی جیهانیان بە گوێی خۆیان بیستیان و بە چاوی خۆیان بینییان کە لە شەقام بە شەقام و کۆڵان بە کۆڵانی شارەکانی ئێراندا دروشمەکانی «مەرگ بۆ خامنەیی»، «مەرگ بۆ ویلایەتیی فەقیە»و «مەرگ بۆ دیکتاتۆر» دەوترانەوە؛ بۆیە دەکرێ بڵێین ساڵی داهاتوو دەتوانێ ببێتە ساڵی نەمانی حوکمی زاڵم بەڵام بە مەرجێک کە یەکگرتوویەک بێتە ئاراوە تاکوو پێگەی ڕزیوی ڕێژیم خاشەبڕ بکات.

# وردبوونەوەیەک لە بنەماکانی پێکهاتەخوازی

د.ڕەهبەر مەحموودزادە

بەشی دووهەم

دووهەمله خاڵی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد بە گوێرەی ڕوانینی پێکهاتەخوازانە دیاردە جۆراوجۆرەکان لەناو لقێکی زانستیدا کۆ دەکرێنەوە و هەموویان دەبرێنە ژێر چەترێکی واحیدەوە. ئێستا باسی ئەوە دەکەین کە پێکهاتەخوازی لەم ئاستەشی تێ دەپەڕێنێ و هەوڵ دهدا تەنانەت لقە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆڤییەکانیش کۆ بکاتەوە و بیانخاتە ژێر چەتری مێتۆدۆلۆژییەکەوە. ئەم باسەش دیسان باسێکە کە لە فەلسەفەی زانست بە گشتی و فەلسەفەی زانستە مرۆڤییەکاندا باسوخواسێکی زۆری ناوەتەوە. ئایا دەکرێ دواجار هەموو لقەکانی مەعریفی و زانستی یەک بخرێن و ببن بە لقێک؟ وەدیهاتنی ئەم هیوایە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خولیا و مەراقی زۆریەک لە زانایانی بوارە جۆراوجۆرەکان بووە. کەسانێکیش دژی پرۆژەی لەم چەشنە بوونە و پێیان وا بووە لقەکانی زانست و مەعریفە بەشێوەیەکی جەوهەری و هەر لە بنەڕەتەوە جوداوزان و پێکەوە کۆکردنەوەیان مەحاڵە و هەندێکیش هەڵوێستێکی ناوینیان ڕەچاو کردووە و پێیان وابووە سەرەڕای هەندێک جوداوازی لەناو لقە زانستییەکاندا کە دەبێ سەرنجیان پێبدرێ، دەکرێ لە ئاستێکی سەرروودا ئەم لقانە پێکەوە کۆ بکرێنەوە. ئێمە نامانەوێ ئێستا ئاوڕ لەم باسوخواسانەی ناو فەلسەفەی زانست بدەینەوە. ئەوەی پێوەندی بە باسی ئێمەوە هەیە ئەوەیە کە بەگوێرەی ڕووتێکردنی پێکهاتەخوازانە، دەکرێ و دەبێ لقەکانی زانستە مرۆڤییەکان بە هۆی خوێندنەوەی نیشانەناسانەوە لێک گرێ بدرێن.

لێرەدا باس کردنی تێبینییەک پێویستە. وەک باس کرا پێکهاتەخوازی پرۆژەیەکی بەرزەفڕانەیە. بەڵام ئەم شێوە ڕوانینە هەر بە تەنیا لە بواری زانستە مرۆڤییەکاندا توانیویەتی بە کردەوە هەڵسووڕێ. جارێ نامانەوێ لەسەر ڕادەی سەرکەوتوویی یا ناسەرکەوتوویی ڕوانینی پێکهاتەخوازانە لە پانتایی زانستە مرۆڤییەکاندا داوەری بکەین بەڵام پێکهاتەخوازی چ سەرکەوتوو بێ و چ ناسەرکەوتوو، بە کردەوە لە بواری زانستە مرۆڤییەکاندا کاری کردووە. ئەدی لە بواری زانستە سروشتییەکاندا؟ ئەوەی ڕاستی بێ پێکهاتەخوازی، لەم بوارەدا هەندێک بانگەشەی گشتی و تەمومژاویی کردووە، بەڵام بە کردەوە نەهاتووەتە ناو ئەم گۆڕەپانەوە. بۆ نموونە پێکهاتەخوازی دەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە لە لقەکانی زانستە سروشتییەکانیشدا کەڵک لە ڕوانینی گشتیی پێکهاتەخوازانە وەردەگیرێ. پاساوەکەشی دەتوانێ شتێکی لەم چەشنە بێ: ئەوەی لە زانستێکی وەک عەردناسی «لە ڕووکاردا دەبیندرێ، بریتییە لە نیشانەگەلی مێژوویەکی کۆنتر و قووڵتر. هەر بە تەنیا بە هەڵکۆڵینی ژێرڕووکارەکەیە توێژەکانی بنەوەی عەرد بەدیار دەکەون و ئەم نەخشە بنەماییانە ئاشکرا دەبن کە دەتوانن دیاردەکانی سەرەوە تەتەڵە بکەن. لەم ڕوانگەیەوە دەشێ بانگەشەی ئەوە بکرێ وا زانست بە گشتی پێکهاتەخوازە. ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەوەیە خۆر لە ئاسماندا دەجوولێ، بەڵام ئەوەی زانست دەیکا ئەوەیە پێکهاتەی ڕاستەقینەی جووڵەی تەنە ئاسمانییەکان دەدۆزێتەوە« وەک ئەوەی جووڵەی خۆر لە ئاسماندا پارۆلێک بێ لە لانگی گشتی جووڵەی تەنەکان. هەروەها دەکرێ گووران و گەشەی پێکهاتەخوازی لە مێژووی ڕیازییات و مەنتیقیش گرێ بدەین. چونکە لە هەردووکیاندا دەور و گرینگی شکڵ جێگای ناوەڕۆک دەگرێتەوە و ڕێساکان و فۆرموولەکان لەسەر بناغەی شکڵەوە ڕۆدەنرێن و ئەوەی چ ناوەڕۆکگەلێک جێگای بگۆڕی وەک x و y و P و Q پڕ دەکەنەوە گۆڕانکارییەک لەم فۆرموول و ڕێسا مەنتیقی و ڕیازییانهدا وەدی ناهێنن.

هەر وەک باس کرا ڕوانینی لەم چەشنە هەر وەکوو شێوە ڕوانینێکی گشتی مانەوە و پێکهاتەخوازی بە کردەوە لە سنووری زانستە مرۆڤییەکانەوە نەهاتەدەر و بە تایبەت نەچووە بواری زانستە سروشتییەکانەوە.

□. پێکهاتەخوازی وەلانانی مۆدیلێکی کرد بە بنەمای تێفکرینی خۆی کە بەگوێرەی ئەم مۆدێلە پێوەندیی وشە لەگەڵ شتێک کە ئەم وشەیە ئیرجاعی بۆ هەیە لەبەرچاو دەگیرا. بۆ نموونە لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیەوە پێوەندیی وشەی دار لەناو زماندا و خودی دار لە جیهانی دەرەوەدا، دەستەبەری مانادار بوونی ئەم وشەیە دەکا و هەر بەم شێوەیە پێوەندییەکانی تری لەم چەشنە گشت یەکە زمانییەکان مانادار دەکەن.

پێکهاتەخوازی باسی ئەوە دەکا کە وشەکان شکڵی خۆیان لەو شتانە وەرناگرن کە ئیرجاعیان بۆ دەکەن، بەڵکوو نیزامە سیمیۆلۆژیکەکان بەگشتی نیزامی جودوازەکین (نظام افتراقی). واتە شکڵی خۆیان و چۆنیەتی گوورانیان لە جوداوازییە کەمینەکان وەردەگرن. وشەی دار هیچ لێکچوونێکی جەوهەری لەگەڵ ئەو تشتەی لە دنیای دەرەوەدا وەک دار ناسراوە نییە. دەکرا لە هەوەڵەوە لە زمانی کوردیدا وەها گرێبەست کرابایە کە بە دار بگوترێ بەرد و بە بەردیش بگوترێ دار. واتە هەر لە بنەڕەتدا دانانی وشە لە سەر گرێبەست دامەزراوە. بەڵام چ شتێک ئەم گرێبەستانەی گونجاو کردووە؟ جوداوازییە کەمینەکان. وشەی «دار» خۆی لە خۆیدا خاوەنی هیچ سامانێکی مانایی و زمانی نییە. وشەی «دار» بۆیە بووە بەم وشەیە و ئەم کەسایەتی و سامان و مانایەی وە دەست هێناوە، چونکە بە شێوەیەکی کەمینە و بە تاقە فۆنیمێک خۆی لە وشەگەلی وەک «شار» و «مار» و «پار» و هەروەها وشەی وەک «دوور» و «دێر» و «دەر» و لەگەڵ وشەی وەک «داب» و «دان» و «داس» هەڵاواردووە. «دار» لەگەڵ «شار» و «دار» لەگەڵ «دوور» و «دار» لەگەڵ «داب» جوداوازیی کەمینەی هەن و هەر ئەم جوداوازییە کەمینانە «دار»ی کردووە بە «دار». فۆنیم چکۆڵەترین یەکەی فۆنەتیکە و مۆرفیم چکۆڵەترین یەکەی مۆرفۆلۆژی‌یە. ئەم یەکە چکۆڵانە بەو جوداوازییە کەمینانەی لەگەڵ یەکەکانی تری ساز دەکەن جێگە و پێگەی خۆیان وەدەست دەهێنن و دواجار لە پانتایی زماندا ڕستە و گوتەی مانادار پێک دەهێنن. هەر ئەم ڕوانینە وای لە ئوستوورەناسێکی پێکهاتەخوازی وەک لیڤی ستڕۆس کردووە لە بواری ئوستوورەناسیشدا لە هەنگاوی یەکەمدا بەشوێن یەکەی کەمینەی ئوستوورەیی و لە هەنگاوی دووەمدا بە دوای ئەم جوداوازییە کەمینانەی ئەم یەکانە لەگەڵ یەکەکانی تردا سازیان دەکەن و دواجار بە شوێن ئەم لێکدراوانە بن کە لە ئوستوورەدا لە حوکمی ڕستەدان. ستڕۆس ناوی «میتیم» لەسەر چکۆڵەترین یەکەی ئوستوورەیی دادەنێ و ئوستوورەش وەکوو زمان دەخوێنێتەوە. پێشتر باسی ئەوەمان کرد لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازییەوە تەنانەت لە جلک دەبەر کردنیشدا کۆی ئەو جلکانەی کەسێک دەبەریان دەکا، ڕستەیەکی مانادار پێک دەهێنن.

ئەسڵی جوداوازی نەک هەر دالەکان لێک هەڵداوێرێ و کەسایەتییان پێ دهدا بەڵکوو لە ئاستی مەدلوولیشدا هەر بەم شێوەیە کار دەکا. لە ڕوانگەی سۆسۆرەوە نیشانە لە دال و مەدلوول پێک هاتووە. داڵ بریتی‌یە لە شکڵ و ڕوخساری نیشانەی زمانی و مەدلوولیش مانای ئەم نیشانەیە. گۆڕانکارییەکی چکۆڵە لە دالدا مەدلوولێکی نوێ دەهێنێتە کایەوە. لێرەدایە کە بەرە بەرە پێکهاتەخوازی ئاراستەیێکی دژەڕیالیستی دەگرێتەبەر کە بە بڕوای من یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی پێکهاتەخوازی‌یە. بەگوێرەی بۆچوونی پێکهاتەخوازانە ئیرجاعی دال بۆ شتێک لە جیهانی دەرەوەدا نییە بەڵکوو بۆ مەدلوولەکەیەتی کە شتێکی زەینی‌یە. بەگوێرەی ئەم ڕوانینە ئەوە جیهانی واقیع نییە کە شکڵ بە زمان دهدا، بەڵکوو بە پێچەوانە ئەوە زمانە کە شکڵ بە جیهانی واقیع دهدا. ئەم بۆچوونە لە زێدەڕۆیانەترین ڕووتێکردنی خۆی دا بە شێوەتێفکرینێک دەگا بە ناوی «دێترمینیزمی زمانی» دیارە پێکهاتەخوازی لەم خاڵەدا بە هەڵە نەچووە کە دالەکان خاوەنی سروشتێکی گرێبەستەکین. چونکە ئەگەر وا نەبا و جیهانی دەرەوە شکڵی دالەکانی دیاری کردبایە ئەوا دەبوایە تاقە زمانێک هەبووبا و نەدەبوو ئەم هەموو جوداوازییانە لە زماندا هەبووبان. تەنانەت ئەمەش ڕاستە چوارچێوە زمانییەکان شوێنیان لەسەر ناسینی جیهانی دەرەوە هەیە. بۆ نموونە وشەی «شین» لە زمانی کوردیدا شەبەنگێکی مانایی دەگرێتەوە کە مانای هەرتک وشەی «آبی» و «سبز»ی فارسی دەگرێتەوە. لە زمانی کوردیدا وشەی شین بۆ ئاماژە بە ڕەنگی ئاسمان و و بۆ ئاماژە بە ڕەنگی پێدەشتی بژوێنی کاتی بەهاریش بەکار دێ. باسەکە لەوەدایە کاتێک زمان و واقیع بەریەک کەوتن ئەوە هەر زمان نییە شوێن لەسەر بۆچوونی ئێمە لەسەر واقیع دادەنێ، بەڵکوو لەم بەریەک کەوتنهدا واقیعیش کەروێشکەیەک دەخاتە ناو زمان و گۆڕانکاری سووک یا گرانی پێ دەکا.

ئەوەی ڕاستی بێ هەر چەندی زیادتر پێملی بە یەکە زانینی وشەی تاک بین بۆچوونی پێکهاتەخوازەکان زیادتر دەچەسپێ و وا دێتە بەرچاو کە زمان لە شکڵ پێدانی واقیعدا زیادتر پێکراو و دەستڕۆیشتووە؛ بەڵام ئەگەر بێتو لە جیاتی بە یەکە دانانی وشە بەرەو ڕوانینی بە یەکە گرتنی ڕستە هەڵگەڕێین، ئاراستەکە پێچەوانە دەبێتەوە و ئەوە واقیعە وا زیادتر کار دەکاتە سەر زمان و ناهێڵی جێگا بە ڕوانینی ڕیالیستی لێژ بێ. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی «بەفر» هەیە و لە ئینگلیزیدا وشەی «snow» هەیە. سروشتی بەفر نەیتوانیوە کار بکاتە سەر دیاری کردنی ئەو وشە جۆراوجۆرانەی لە زمانە جیاوازەکاندا بۆ ئەم تشتە داندراون. بەڵام ڕستەی «بەفر سپی یە« لە کوردیدا و ڕستەی «The snow is white» لە ئینگلیزیدا هەر دووکیان ڕاستن و ئەم ڕستەیە بۆ سەر هەر زمانێکی تریش وەربگێڕین ڕاستییەکەی هەر دەپارێزرێ.

لەوانەیە پێکهاتەخوازی لە بەرانبەر ئەم ڕەخنەیەهدا وڵامێکی هەبێ. وڵامەکە ئەوەیە کە پێکهاتەخوازی باسی چۆنیەتی بیچم گرتنی یەکە زمانیەکان و شوێن وەرنەگرتنی ئەم شێوە بیچم گرتنە لە جیهانی واقیع دەکا، کەچی ئەم ڕەخنەیە باسی ڕاستی و ناڕاستی گوزارەکان لەناو زمانە جۆراوجۆرەکاندا دەکا. پێکهاتە خوازی دەتوانێ بڵێ نەحوی زمانەکانی کوردی و ئینگلیزیش کە بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی ڕستە کوردی و ئینگلیزییەکە دەور دەگێڕن، جوداوازییان پێکەوە هەیە و شوێنیان لە جیهانی واقیع وەرنەگرتووە. ئەم گوتەیە ڕاستە و ئەگەر بانگەشەی پێکهاتەخوازی هەر بارتەقای چۆنیەتی بیچم گرتنی نیشانە زمانییەکان بەرتەسک مابایەوە دەکرا ڕەخنەکەش هەڵوەشێندرابا‌وە. بەڵام هەر لەجێدا ڕەخنەکە لەمەوە سەرچاوەی گرت کە پێکهاتەخوازی بۆ داوەری کردنی ئەرێ یا نەرێ لەمەڕ ڕیالیزمیش پەل داوێژێ و بۆ بوارێکی فەلسەفیش پەل دەبێتەوە کە لە سەرەتادا وەک بواری کار و هەڵسووڕانی خۆی نەیناساندبوو و هەتا ئاقارەکانی دێترمینیزمی زمانی تێی دەتەقێنێ.

## نەورۆز

ئاشقێکم ساڵەهایە چاوەڕێی نەورووزەکەم
بێ ترووسکەی خۆری ڕووت، تاریکە ڕێی نەورۆزەکەم
وەرزی ڕۆحم بێ بەهارە و بەستەڵەک دەوری تەنیم
بێنە بۆم تاڵی قژی خۆرت بە جێی نەورۆزەکەم
ساڵەهایە چاوەڕێی پڕشنگی ڕوونی ڕووتە، دڵ
کەی دەبێ ڕۆژێ لەگەڵ ڕۆژێ هەڵێی نەورۆزەکەم؟!
ئەشق و هیوای، ژین و بریای، بۆ مرۆڤ و گیا و زەوی
بۆیە وەک ڕۆح و دڵم خۆشمدەوێی نەورۆزەکەم!
خاک و ئاو و زیندەوەر بەو هاتنەت دەژیێنەوە
ژین و هیوا دێنی ئەو کاتەی کە دێی نەورۆزەکەم!
وشکەساڵی، ئەم وڵاتەی کردە دڕکستانی خەم
سەد چزووی چاڵووک و پێکوڵ چەقیە پێی نەورۆزەکەم
هێندە چنگی نایە قوڕگی خاک و کانی و باخ و گوڵ
تۆ لە ترسی گازی خەردەڵ نارۆیێی نەورۆزەکەم!
بووکی هیوا هەرکە دێ باوەش بە شادیدا بکا
نەگبەتی لەولاوە دێ، دەبتە هەوێی نەورۆزەکەم
پێتە مزگێنیی بەهار و یەکدڵی و هەستانەوە
تۆ گوڵی هیوای هەوار و شار و دێی نەورۆزەکەم!
ئەم وڵاتە ژوانی پاکی تۆ و گەزیزە و نێرگزە
دەک نەژیم گەر ڕێ بدەم پێ‌پەست کرێی نەورۆزەکەم!
لەم هەواری ئەشقە بۆ هەر لایە دەفڕێ چاو و دڵ
بسکی زەردی تۆ شنەی دێت و لەوێی نەورۆزەکەم!
چاوەڕێم ڕۆژێ شەماڵی ئەشق و هیوا هەڵبکا و
تۆ بە شاباڵی شنەی ئاڵاوە بێی نەورۆزەکەم!
بسکی زەردی تۆ لە هەر لایەک بڕسکێ، شێعری من
شانەیێکە و دێ، قژت دابێنە پێی نەورۆزەکەم!
دیومە من وەرزێ لە ئاوێنەی بزەی ئەم خاکەدا
بەرد بە سندەی گڵ دەڵێ: سەر بەختی ڕێی نەورۆزەکەم
تا شنەی دارئاوسی هەڵکرد بە باخا تێپەڕی
شاڵی متفەڕکی لە سەر نا باوەڵێی نەورۆزەکەم
ڕوو لە هەر یاڵ و بەڕۆژ و دوند و لاپاڵێ دەکەی
چەتری پەلکی زەردی خۆی هەڵداوە لێی نەورۆزەکەم
شادی وەک سروەی بەهاری دێت و جا ئەو کاتە تۆش
تاجی ئازادی لەسەر سەر دادەنێی نەورۆزەکەم!

ئەمین گەردیگلانی

ئەی چۆن کاکە گیان . کورد بێکەسە ، کورد بێ دڵسۆز و بێ ڕۆشناییە . بە پێچەوانەشەوە داگیرکەرانی کوردستان زۆر بێ بەزەیین و پاڵپشتی نێوو دەوڵەتیشیان لە پشتە .

«بێدەنگی»

ئاه ئاه ، بێدەنگی چ پاڵپشتییێکی بەهێزە . بێدەنگی چ چەکێکی کوشندەیە . بریا بتزانیبا بێدەنگی ئەو زل هێزانە هەتا ئێستا چۆن ڕۆڵەکانی ئێمەی بە کوشتندا . ژن و منداڵەکانمانی چۆن بێکەستر کرد . ئاوارەیی ، ماڵ وێرانی ، کیمیا باران ، کۆڕەو ، تیرۆری قاسملوو ، قارنێ و قەڵاتان ، ئەنفال هەر هەمووی بە چەکی کوشندەی بێدەنگی کرا . تێدەگەی دەڵێم چی ؟ کورڕم ! دوێکە ژنەکەمیان پێ نەدامەوە . هەر لە نەخۆشخانەوە بردویانە . خۆیان دەڵێن لە شوێنێک ناشتوومانە و دواتر پێت دەڵێین لە کوێیە . نازانن چەندە یەکتریمان خۆش دەویست نازانن چەندە ئاواتمان لە دڵدا مابوو . نازانم ئەم پەتا ماڵوێرانکەرە چۆن ڕژایە ناو ئەم شارانە ، نازانم بۆ سەقز ئاوای بەسەرهات . یەک دوو ڕۆژی هەوڵ بە تەلەفوون قسەمان دەکرد ، لرخەی سینگی و قۆزە قۆز نەیدەهێڵا باش لێی تێبگەم ، شوکر بووم بەوەش بەڵام . . . . . . بێدەنگی ویژدان لە بەین دەبات ، بێدەنگی تەنیا لە قازانجی قازانج و قازانج پەرستە . من دەزانم بێدەنگی پیشەی پیاوی تەواو پیاو نیە . بێدەنگی و شەرەف مەودایان زۆرە و قەت یەک ناگرن . بێدەنگی ئێمەی کوشت بۆیە هەمیشە لێی بێزارم و حەزدەکەم بەردەوام پڕ بە گەرو هاوار بکەم . بێدەنگی تاوانە بەڵام داخۆ تاوان ئەمڕۆ چۆن پێناسە دەکرێ ؟ کرۆنا تەنیا ژنەکەی منی نەکوشت . کرۆنا نەخۆشین نیە کوڕم کرۆنا چەکە ، یانی ئەم جەللادانە کردیان بە چەک و گۆپاڵی دەستیان . ئەوە ئێمەی کوشت . تێدەگەی چی دەڵێم ؟ کرۆنا کۆتایی دێ ، تەواو دەبێ . . . دڵنیام تەواو دەبێ . بەڵام ئەگەر ئەمانە بمێنن ئەمجار خۆیان کرۆنای نوێتر و بەهێزتر دروست دەکەن ، بڵاوی دەکەنەوە ،هەر ئێمە نا بەڵکو دنیا گیرۆدە دەکەن ... لەوە ترساوم ، لەوە . . . دیسان زل هێزەکان هەر بێدەنگ بن . تف لە بێدەنگیان

نەکەرۆز

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 770 • 19 March 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia






# پارێزەرانی ژیان

## دەبێ خۆمان فریای خۆمان و نیشتمانەکەمان بکەوین

دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکرات
Media Department Of Kurdistan Democratic Party of Iran